# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن**

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



http;//gov.krd/ka    ISSN: 2520-4106    **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# لاوان و پرسی بەها
# توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان

**پ. ی. د. عیزەدین عەبدولسەمەد ڕەسووڵ**
کۆلێژی ئاداب/کۆمەڵناسی - هەولێر
زانکۆی سەڵاحەدین
izaddin.rasool@su.edu.krd

**پ. ی. م. هەردی زیاد ساڵح**
کۆلێژی ئاداب/کۆمەڵناسی - هەولێر
زانکۆی سەڵاحەدین
hardi.saleh@su.edu.krd

**پوختە:**
بەهاکان بۆ تاک و کۆمەڵگە گرنگن، بە تایبەتی بۆ لاوان، چونکە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانی پێ دەبەخشێت و ڕۆڵ دەبینێت لە دارشتنی کەسایەتیی لاو و دانانی ئامانجەکانی لە چوارچێوەیەکی پێوەریی دروستدا. ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردن و ڕیزبەندی گرنگترین بەهاکانی لاوان و ئاستی وابەستەبوونیان بە بەهاکانەوە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها زانینی جیاوازیی تێڕوانینی لاوان بۆ بەهاکان بە پێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە کە بریتین لە: ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری کۆمەڵایەتی، پیشە، جۆری خانوو و داهاتی مانگانەی خێزان. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتییە، تیایدا میتۆدی ڕووپێویی کۆمەڵایەتی بە ڕێگەی نموونە بەکار هاتووە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە هەموو ئەو لاوانەی تەمەنیان لە نێوان "١٨- ٣٥"ساڵیدایە، کە دانیشتووی هەرێمی کوردستانن. جۆر و قەبارەی نموونەکە بریتییە لە نموونەی مەبەستدار لە جۆری "بەردەست" بە قەبارەی (٥٠٨) لاو. ڕاستێتیی ئامرازی پێوانەکردن بریتییە لە (٩١,٤٠٪)، لەگەڵیدا جێگیریی پرسیارنامەکە (٠,٨٤٩)یە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بە پێی چەند تەوەرێک خراونەتە ڕوو، کە گرنگترینیان بە ڕیزبەندیی لاوان و بەهاکانی (کۆمەڵایەتی، ئایینی، جوانیناسی، مەعریفی، ئابووری و سیاسی) بوو. هەروەها هیچ جیاوازییەکی ئامارەداری ئاماری لە نێوان تاکەکانی نموونە بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری کۆمەڵایەتی، پیشە، جۆری خانوو و، داهاتی مانگانەی خێزان) سەبارەت بە پرسی بەها لای لاوان نییە، بەڵام جیاوازیی ئامارەداری ئاماری بە پێی گۆڕاوی "شوێنی نیشتەجێبوون" هەیە و جیاوازییەکەش بۆ ئەو لاوانەی دانیشتووی شاری "دهۆک"ن؛ دەگەڕێتەوە، واتە ئەوان زیاتر وابەستەن بە بەهاکانەوە.

کلیلەوشەکان: لاو، بەها، پێکهاتەکانی بەها، جۆرەکانی بەها

**یەکەم: دەروازە**

لاوان ڕۆڵێکی سەرەکی لە پێشوەچوونی کۆمەڵگەدا دەبینن و هەر کۆمەڵگەیەک ژمارەی توێژی لاوانی زۆر بێت، ئەوا لە ڕووی سەرمایەی مرۆییەوە دەتوانێت بەردەوامی و گەشەسەندنی خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە مسۆگەر بکات، بە مەرجێک گرنگی و بایەخیان لە لایەن کۆمەڵگەوە پێ بدرێت. هەروەها لە سەر ئاستی زۆربەی کۆمەڵگەکان گرنگیی بەرچاو بە کێشە و بابەتەکانی تایبەت بە لاوان دراوە و هەوڵ دراوە توێژینەوە لە بارەی هۆکار و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئەو بابەت و کێشانە ئەنجام بدرێت کە لاوان پێیەوە سەرقاڵن، ئەم گرنگیپێدانە لە لایەن کۆمەڵگەوە لە ئاستی جیاواز و ڕێژەی جیاوازدا کاری بۆ دەکرێت، بەڵام لە هەریەک لەو کۆمەڵگەیانە بە پێی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە هەیەتی؛ کاری لە سەر کردووە. لە هەرێمی کوردستانیش هەندێک توێژینەوە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە سەر لاوان و کێشە و بابەتەکانیان ئەنجام دراوە.

لاوان لە کۆمەڵگەدا ئایندەی گەش و خوێنی ژیانن و لە هەموو کات و شوێنێکدا ئالای گۆڕانکاری و نوێبوونەوە هەڵدەگرن. نهێنیی ئەو دواکەوتوویەی کە ئەمڕۆ میللەت بەدەستیەوە دەناڵێنێت، نەبوونی و دوورخستنەوەی لاوان و ڕێگریکردنە لە بەشداریکردنیان لە کایەی گشتیدا (خاطر، ٢٠١٤: ٧).

زێتر لەوە، بابەتی بەهاکانیش بۆ تاک و کۆمەڵگە گرنگن، چونکە نوێنەرایەتیی چوارچێوەیەکی مەرجەعی بۆ مرۆڤ دەکەن و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانی پێ دەبەخشێت، جگە لە بەدەستهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی، کە کار دەکات بۆ بەستانداردکردنی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ، هەروەها بەشدارە لە دروستبوونی تایبەتمەندیی کۆمەڵگە، چونکە نوێنەرایەتیی لایەنێکی سەرەکیی کولتووری هەر کۆمەڵگەیەک دەکات. هەروەک چۆن هەموو کۆمەڵگەیەک کولتووری جیاوازی خۆی هەیە، بە هەمان شێوە بەهای خۆیشی هەیە، کە لە کۆمەڵگەکانی تر جیای دەکاتەوە (الجمال، ٢٠١٨: ١٥٦). ئینجا بابەتی بەها کە بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و پێوەر، کە کۆمەڵێکی دیاریکراو لە سەری کۆکن و لە ڕێگەیەوە بڕیار لە سەر کار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان دەدەن و هێز و کاریگەری لە سەر کۆمەڵگە بەجێ دەهێڵێت، لە بەر ئەوەی سیفەتێکی پابەندی و پێویستی و گشتگیری هەیە، هەر کەس لێی دەربچێت یان لە ئاڕاستەکەی لا بدات، ئەوا دادەنرێت دەرچووە لە پرەنسیپەکانی کۆمەڵ و ئامانجەکانی (امین، ٢٠١٠: ١٨). هەروەها بەو پێیەی بەهاکان ڕۆڵێکی گەورە و گرنگیان لە ژیانی تاکەکاندا هەیە، پێیانەوە کاریگەر دەبن و لە هەندێک حاڵەتدا دەست بەسەر بارودۆخی ژیانی تاکەکاندا دەگرێت. هەروەکوو چۆن هەندێک جار کەسەکان لە سەر بنەمای پابەندبوونیان بە بەهاکانی ناو کۆمەڵگە هەڵدەسەنگێنرێن، بۆیە بەهاکان ڕۆڵی ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لە نێوان تاکەکاندا دەبینن (البریزات، ٢٠٢٠: ٦٤). لە لایەکی ترەوە بەهاکان ڕۆڵێکی دیار دەگێڕن لە چۆنێتیی کارلێکی تاک لەگەڵ ئەوانی تر و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخ و ڕووداو و قەیرانەکانی ژیان. هەروەها چەندین گەڵاڵە بۆ تاکەکەس دەڕەخسێنێت کە بتوانێت هەڵبژاردن بکات لە نێوان ئەو شێوازانەی ڕەفتار کە پەیڕەویی لێ دەکات، ئەمەش بەشدارییەکی زۆر دەکات لە داڕشتنی کەسایەتییەکەی کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت پێشبینیی کاردانەوە یان هەڵسوکەوتەکانی بکات، لە هەمان کاتدا دەرفەتی ڕاستەقینەی پێ دەدات بۆ دەربڕینی بیرکردنەوەکانی، بۆچوون، بیروباوەڕ، هەست یان هەڵوێست و ئاڕاستەکانی (سعادة والاخرون، ٢٠٠٧: ٤٥). هەروەها بەهاکان چەمکێکی جەوهەرین لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، کاریگەرییان لە سەر پەیوەندییە مرۆییەکان هەیە بە هەموو فۆرمەکانیانەوە، چونکە پێویستییەکی کۆمەڵایەتین، هەروەها لە بەر ئەوەی پێوەر و ئامانجن کە دەبێت بیدۆزینەوە، لە هەموو کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراودا، جا دواکەوتوو بێت یان پێشکەوتوو. لە شێوەی ئاڕاستەکان و پاڵنەر و ئارەزووەکان لای تاکەکانی دەردەکەوێت. لە هەندێک بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا بەهاکان لە شێوەی یاسا و بەرنامە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەردەکەون (السید، ٢٠٠٥: ٢).

زیاتـر لـەوەش، ئەگـەر بەهـاکان شـوێنێکی گرنـگ لـە ژیانـی تـاک و کۆمەڵگـەدا داگیـر بکـەن، ئـەوا گرنگـترن بـۆ لاوان، چونکـە کار دەکـەن بـۆ پاراسـتنیان لـە لادان، هەروەهـا بەشـداری دەکـەن لـە بنیاتنانـی کەسـایەتییان و توانـای گونجانیـان لەگـەڵ ژیـان و کێشـەکانی پـێ دەبەخشـێت. توانایـان پـێ دەبەخشـێت بـۆ دەرککردنـی بڕیارەکانیـان و کۆتاییهێنـان بـە ململانێـکان و توانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی قەیـران و بەرەنگاریکـردن و پەرەپێدانـی کۆمەڵگەکەیـان پـێ دەبەخشـێت (الجـمال، ٢٠١٨: ١٥٦).

تێگەیشـتن لـە بەهاکانـی لاوان لـە ئێسـتادا بایـەخ و گرنگیـی خـۆی هەیـە، بۆیـە گرنگـە بزانیـن چ جـۆرە بەهایـەک زاڵـە لای لاوان؟ ئایـا لـە ئێسـتادا کام بەهـا لـە بەهاکانـی (کۆمەڵایەتـی، ئابـووری، ئایینـی، سیاسـی، مەعریفـی و جوانیناسـی) جێگـەی گرنگیـدان و بایەخـی زیاتـرە؟ دەکـرێ کێشـەی توێژینەوەکەمـان لـە چەنـد پرسـیارێکدا بخەینـە ڕوو، بـۆ ئـەوەی لـە ئەنجامـی کارکردنمانـدا بگەینـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە و چوارچێوەیـەک بـۆ توێژینەوەکەمـان دابنێیـن، پرسـیارەکانیش بریتیـن لـە دەستنیشـانکردنی گرنگتریـن بەهاکانـی لاوان و ئاسـتی وابەسـتەبوونیان. ئایـا جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان لاوانـی دانیشـتووی پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان؟ ئایـا ڕەگـەز و تەمـەن و گۆڕاوەکانـی توێژینـەوە چ کاریگەرییەکیـان لـە سـەر هەڵبژاردنـی بەهـاکان و ئاسـتی پابەندبوونیـان هەیـە؟

ئـەم توێژینەوەیـە هـەوڵ دەدات بـە چەنـد ئامانجێـک بـگات، لەوانـەش:

- دەستنیشـانکردن و ڕیزبەندیـی گرنگتریـن بەهاکانـی لاوان و ئاسـتی وابەسـتەبوونیان بـە بەهاکانـەوە.

- جیـاوازی لـە نێـوان بەهاکانـی لاوان بـەدی دەکرێـت، بـە پێـی گۆڕاوەکانـی ڕەگـەز، تەمـەن، ئاسـتی خوێنـدەواری، بـاری کۆمەڵایەتـی، پیشـە، جـۆری خانـوو، شـوێنی نیشـتەجێبون و بـاری ئابـووری.

لـە کۆتاییـدا لـە بـەر ڕۆشـنایی ئـەو گرنگییـەی توێـژی لاوان لـە کۆمەڵگـەدا هەیانـە، ئـەوا بایەخـی ئـەم توێژینەوەیـە لەوەدایـە کـە دەیەوێـت بـە شـێوەیەکی زانسـتی بـاس لـە بەهاکانـی لاوان لـە شـار و شـارۆچکەکانی هەرێمـی کوردسـتان بـکات. هەروەهـا گرنگییەکـی دیکـەی ئـەم توێژینەوەیـە لەوەدایـە کـە بـاس لـە بەهـاکان دەکات، کـە وەک یەکێـک لـە ئامرازەکانـی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتـی و ڕۆڵـی لـە کۆنترۆڵـی هەڵسـوکەوتی تـاک هەیـە، هەروەهـا زانیـن و دەستنیشـانکردنی بەهـاکان بـۆ تاکـەکان و کۆمەڵگـە گرنگـن، لـە بـەر ئـەوەی دەبێتـە هـۆی ڕێکخسـتنی هەڵوێسـتی تاکـەکان و ڕێنماییکردنیـان. ئینجـا چـۆن هـەر کۆمەڵگەیـەک کولتـووری تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، ئـاوا بەهـای تایبـەت بـە خۆیشـی هەیـە، بۆیـە دراسـەکردنی بەهـاکان لـە پەیوەندیـدا بـە لاوان لـە ئێسـتادا بایەخـی تایبەتیـی خـۆی هەیـە.

**دووەم: دیاریکردنی چەمکەکان**

**١. لاو (Youth)**

چەمکـی لاو لـەو چەمکانەیـە کـە پێناسـەی جۆراوجـۆر لەخـۆ دەگرێـت، هـەر ئاڕاسـتە و پسـپۆڕییەک بـە جۆرێـک و لـە گۆشـەنیگای خۆیـەوە پێناسـەی دەکات.

لـە ڕووی کرداریـیـەوە پێناسـەی لاوان جیـاوازە لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی دیکـە، کـە پشـت بـە فاکتەرەکانـی ڕۆشـنبیری، سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی هـەر وڵاتێـک دەبەسـتێت (الانصـاری، ٢٠٠٨: ٦٨). هەروەهـا جیـاوازی لـە نێـوان توێـژەران هەیـە سـەبارەت بـە دیاریکردنـی ئـەم چەمکـە، هەندێکیـان وای دادەنێـن ماوەیەکـی تەمەنییـە، هەندێکیشـیان وەکـوو دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتـی سـەیری دەکـەن، هەندێکـی دیکەشـیان وای دادەنێـن کـە دیاردەیەکـی دەروونیـی جەسـتەییە (رشـوان، ٢٠٠٦: ٣)، هەندێکـی تریـش پێیـان وایـە زەحمەتـە قۆناغـی لاوێتـی دیـاری بکرێـت، چونکـە سـەرەتا و کۆتاییەکـەی لـە تاکێکـەوە بـۆ تاکێکـی تـر، لـە ڕەگەزێکـەوە بـۆ ئـەوی تـر و لـە کولتوورێـک بـۆ یەکـی تـر دەگۆڕێـت (الخواجـة، ١٩٩٩: ٢٥٩). بێجگـە لـە نیشـانەکانی بایۆلـۆژی و قۆناغەکانـی گەشـەی فیکـری، کـە پرۆسـەی گواسـتنەوەی تاکـە لـە قۆناغـی منداڵییـەوە بـۆ هـەرزەکاری و دواتریـش بـۆ لاوێتـی، دەتوانیـن لاوێتـی وەکـوو چەمکێـک دابنێیـن کـە بەرهەمـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـی لاوانـە لەگـەڵ کۆمەڵگـە و بـە پێچەوانەشـەوە (ذکائـی، ٢٠٠٨: ٢٥). کەواتـە هەمـوو ئـەو بۆچوونـە جیاوازانـەش بـۆ پسـپۆڕییە جیـاوازەکان و کولتـوور و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵگـەکان دەگەڕێتـەوە، چونکـە هـەر توێـژەرە و لـە گۆشـەنیگای خـۆی و بـە پێـی ئـەو پسـپۆڕییەی کـە

هەیەتی؛ پێناسەی لاو دەکات و دەیناسێنێت.

**لە ئەنجامی ئەو جیاوازییانەش لە بارەی دیاریکردنی چەمکی لاو، چەند ئاڕاستەیەک سەریان هەڵدا، لەوانە:**

- **ئاڕاستەی کۆمەڵایەتی**: زانایانی کۆمەڵناسی پێیان وایە قۆناغی لاوێتی کاتێک دەست پێ دەکات کە کۆمەڵگە هەوڵ دەدات تاک ئامادە بکات بۆ ئەوەی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی داگیر بکات و ڕۆڵێك یان کۆمەڵە ڕۆڵێک لە بونیادنانی کۆمەڵگەدا بگێڕێت. قۆناغی لاوێتی کۆتایی دێت کاتێک لاو توانیی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی داگیر بکات و دەست بکات بە جێبەجێکردنی یان گێڕانی ڕۆڵەکانی لە ناو کۆمەڵگەدا (الزيود، ٢٠١١: ٤٦).

- هەر چی **ئاڕاستەی کاتی (الزمنی) یان تەمەنییە**: وای دادەنێت لاو قۆناغێکی زەمەنییە، دەکەوێتە نێوان تەمەنی (١٨-٢٥ یان ٣٠)ساڵی (حجازي، ٢٠٠٨: ١٩)، یان تەمەنی (١٨-٣٠) ساڵی (بوعناقە، ٢٠٠٧: ٤٠)، یان لاو بریتییە لەو دەستە تەمەنییەی کە دەکەوێتە نێوان (١٥-٢٤) ساڵی (خاطر، ٢٠١٤: ١٥)، یاخود تەمەنی (١٥-٢٥) ساڵییەوە (الغريب، ٢٠٠٨: ٩٦)، هەروەها لە بەیاننامەی بەرشەلۆنەی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی ١٩٩٨دا بەسترا، تیایدا تەمەنی لاوی بە (١٨-٣٥) ساڵی دەستنیشان کردووە (الذيفاني، ٢٠٠١: ٢٤).

- بەڵام لایەنگرانی **ئاڕاستەی دەروونی**: پێیان وایە لاوێتی قۆناغێکی تەمەنی نییە کە تایبەت بێت بە تەمەنێکی دیاریکراو، بەڵکوو حاڵەتێکی دەروونییە و پەیوەندیی بە تەمەنی زەمەنییەوە نییە، مرۆڤ لاوە بە ئەندازەی هەستکردن بە چالاکی و گڕوتین تیایدا، چالاکی و خواستەکان و بەهیوابوون بە ژیان... تاد (الزيود، ٢٠١١: ٤٦).

- لە کۆتاییدا لایەنگرانی **ئاڕاستەی بایۆلۆژی**: هەندێک هەن لاوێتی لە چوارچێوەی قۆناغەکانی ژیان پێناسە دەکەن. هەروەها کاتێک باس لە لاوێتی دەکەین بەو پێیەی دەستەیەکی کۆمەڵایەتییە، مانای وا نییە کە دەستەیەکی بایۆلۆژی نییە، بەڵکوو لاوێتی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ژیان. کەواتە لاوێتی بە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیان دادەنێن، داکۆکی لە سەر گەشە و کامڵبوون وەکوو واقعیەتێکی بایلۆژی دەکەن (ذكائي، ٢٠٠٨: ٢٣).

لە بەر چەند هۆکارێک لەم توێژینەوەیەدا پێناسەی تەمەنی لاو لە (١٨-٣٥) ساڵی دەستنیشان کراوە، ئەوانیش: لە بەر ئەو هەموارکردنە نێودەوڵەتییەی لە بەیاننامەی بەرشلۆنە لە ساڵی ١٩٩٨ کرا، کە تەمەنی لاوی بە (١٨-٣٥) ساڵی دەستنیشان کرد (الذيفاني، ٢٠٠١: ١٧). هەروەها جیا دەکرێتەوە بەو گۆڕانکارییە جەستەیی و فسیۆلۆژییانە کە دەکەوێتە ئەم قۆناغەی تەمەنەوە. هەروەها درێژبوونەوەی قۆناغی لاوێتی بە درێژبوونەوەی "ناوەندی تەمەن" و چوونە سەریی ڕێژەی کەسانی بەتەمەن لە کۆمەڵگەدا.

**پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی لاو**: بریتییە لەو تاکانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨-٣٥)ساڵیدایە، ئینجا چ پیاو بن یان ئافرەت.

### ٢. بەها (Value)

بابەتی بەهاکان و ناساندنی؛ یەکێکە لەو چەمکانەی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە پێناسە کراوە، هەیانە وەکوو پێوەرێک بۆ دەستنیشانکردنی بابەتە باشەکان و خراپەکانی ناو کۆمەڵگە، یان چۆنیەتیی ڕەفتارکردن و پەسەندکردنی ڕەفتارە خوازراوەکان دەیناسێنێت، یان ئەو بیروباوەڕ و بڕیارانەن لە لایەن کۆمەڵگەوە دەستنیشان دەکرێن و هانی ئەندامەکانی دەدات پێوەی پابەند بن.

لە بەر ئەوەی بەهاکان ئەوانەن کە نوێنەرایەتیی "چوارچێوەیەکی مەرجەعی دەکەن، کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی تاک و گرووپ دەکەن، هەر بۆیە ڕۆڵ دەبینن لە پێکهێنانی کەسایەتیی تاک و سیستمە مەعریفییەکەی (الزيود، ٢٠١١: ٢١). ئینجا بەها بەو بڕیارە دادەنرێت کە مرۆڤ لە سەر بابەتێک دەیدات، بە ڕێنمایی کۆمەڵێک بنەما و پێوەر کە لە لایەن ئەو کۆمەڵگەیەوە دانراوە کە تێیدا دەژی و دەبێتە هۆی دیاریکردنی ڕەفتارە خوازراوەکان (بريك، ٢٠١٤: ١٦). یاخود بەهاکان بریتین لەو خواست و ئامانجانەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە سەری ڕێک کەوتوون، کە بەشدارن لە پرۆسەکانی فێربوون و کۆمەڵایەتیبوون". لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسەیەدا، بەهاکان وەک توخمەکانی تری کولتووری کۆمەڵایەتی، کە لە ڕێگەی پرۆسەکانی فێربوون و کۆمەڵایەتیکردنەوە

بـە شـێوەیەکی هۆشـیارانە و نائاگایانـە لـە لایـەن تاکەکانـەوە هەڵدەبژێردرێـــن (الأزهـــر، ٢٠٠٩: ٢٧).

بـە گشـتی دەکـرێ بڵێیـن بەهـاکان -لـە نێـو لاوانـدا- لـە هـەر کۆمەڵگەیەکـدا کار لـە سـەر ئـەوە دەکات کـە (الجـمال، ٢٠١٨: ١٥٦-١٥٧):

- ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت لـە داڕشـتنی کەسـایەتیی لاو و دانانـی ئامانجەکانـی لـە چوارچێـوەی پێوەرێکـی (میعیـاری) دروسـتدا.

- دەتوانرێـت پێشـبینیی ڕەفتـاری لاوان بکرێـت، کاتێـک لـە بارودۆخـە جیاوازەکانـدا ئاسـتی وابەسـتەبوون بـە بەهـاکان و لایەنـە ئەخلاقییەکانـی بزانرێـن.

- بەهـا وەک پەرژینێـک لـە بەرامبـەر هـەر ڕەوتێـک کار دەکات کـە کۆمەڵگـە ڕەتـی بکاتـەوە، بـە تایبەتـی ڕەوتـە ئەخلاقییـــەکان.

**بـە گشـتی دەتوانیـن لـە کـۆی پێناسـەکان بگەینـە ئـەم خاڵانـــەی لای خـــوارەوە:**

- کۆمەڵێـک بیروبۆچـوون و بیروبـاوەڕن، کـە مرۆڤـەکان یـان گـرووپ و کۆمەڵـەکان لـە کولتوورێکـی دیاریکـراودا پێیـان باشـترە، یـان ئـارەزووی دەکـەن پێـوەی پابەنـد بـن.

- کۆمەڵێـک بیروبـاوەڕی پتـەون لای تـاک، بـۆ بـە بـاش زانیـن و جیـاکاری لـە نێـوان هەندێـک جـۆری ڕەفتـار، لـە ڕێگەیـەوە دەتوانرێـت هەڵوێسـتەکانی باشـتر دەستنیشـان بکرێـت.

- ڕۆڵ دەبینێـت لـە پێکهێنانـی کەسـایەتیی تـاک و سیسـتمە مەعریفییەکـەی. هەروەهـا لـە کاتـی کارلێکـی نێـوان تـاک بـە "زانیـاری و ئەزموونەکانـی" و لەگـەڵ ئـەو چوارچێـوە شارسـتانییەی کـە تێیـدا دەژی و لـە ڕێگەیـەوە ئەزمـوون و مەعریفـەکان بەدەسـت دەهێنێـت.

- کۆمەڵـە بڕیارێکـن لـە لایـەن تاکـەوە لـە سـەر ژینگـە مرۆیـی و کۆمەڵایەتـی و ماددییەکـەی دەریـدەکات، بـە ڕێنمایـی کۆمەڵێـک بنەمـا و پێـوەر کـە لـە لایـەن ئـەو کۆمەڵگەیـەوە دانـراوە، دەبێتـە هـۆی دیاریکردنـی ڕەفتـارە خـوازراوەکان.

- کۆمەڵێـک یاسـای پێـوەری پەیوەسـت بـە ناوەرۆکێکـی واقیعـی، کـە تـاک لـە ئەنجامی کارلێکردنـی لەگـەڵ هەڵوێسـت و شـارەزاییە جیـاوازەکان وەریانـدەگرێـت، مەرجیشـە کـە پەسـەندکراو بێـت لـە لایـەن کۆمەڵێکـەوە و ڕەنگدانـەوەی لـە سـەر ڕەفتـار و گوفتـاری تاکـەکان هەبێـت.

- ئـەو خواسـت و ئامانجانـەن کـە لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە لـە سـەری ڕێـک کەوتـوون، کـە بەشـدارن لـە پرۆسـەکانی فێربـوون و کۆمەڵایەتیبـوون.

- لـە کۆتاییـدا ئامانجـی نموونەییـمان بـۆ دیـاری دەکات کـە هەوڵـی بـۆ دەدەیـن، بـە جێبەجێبوونیـان مانایـەک بـە ژیانمـان دەبەخشـێت.

**پێناسـەی ڕێـکاری بـۆ چەمکـی بەهـا:** کۆمەڵێـک بڕیـار و بیروبـاوەڕی پتـەون لای تـاک، کـە مرۆڤـەکان یـان گـرووپ و کۆمەڵـەکان لـە کولتوورێکـی دیاریکـراودا پێیـان باشـترە، هەروەهـا ئامانجـی نموونەییـان بـۆ دیـاری دەکات و ئـارەزووی دەکـەن پێـوەی پابەنـد بـن. ئینجـا ئـەو بەهایانـە؛ "کۆمەڵایەتـی، ئابـووری، ئایینـی، سیاسـی، مەعریفـی و جوانیناسـی" بـن.

**سێیەم: بنچینە و پێکهاتەکانی بەها**

بابەتـی بەهـا لـە سێ بنچینـە و پێکهاتـە پێـک دێـت، ئەوانیـش پێکهاتەکانـی (مەعریفـی، سـۆزداری و ڕەفتاری)یـە، کـە لـە سـەرەتادا تـاک زانیـاری و مەعریفـەکان لـە بـارەی بەهاکانـەوە فێـر دەبێـت، ئینجـا لـە ڕووی سـۆزداری و دەروونییـەوە هـەوڵ دەدات پەسـەندی هەندێـک لـە بەهـاکان بـکات و بـە ئاشـکرا لـە ڕەفتارەکانـی ڕەنـگ دەداتـەوە و دەبێتـە هـۆکاری پەسـەندکردنی بەهاکـە و پابەندبـوون پێیـەوە.

هەروەهـا تـاک لـە ڕێگـەی بەکۆمەڵایەتیبوونـەوە بەهـاکان وەردەگرێـت، پێـوەرەکان و وەزیفەکانـی دیـار دەکات، لـە بـەر ئـەوەی ژیـان لـە کۆمەڵگـەدا داواکاریـی ڕێسـاکانی ڕێکخسـتنی پێداویسـتییەکانی مرۆڤـە، هـەر بۆیـە "تالکـوت پارسـونز" (Talcott Parsons) (١٩٠٢-١٩٧٩) پێـی وایـە بەهـا لـەم سێ بنچینـە و پێکهاتەیـە پێـک دێـت، ئەوانیـش (الحسـین، ٢٠١٤: ١٠٦):

**١. پێکهاتەی مەعریفی (ئەقڵی)**

پێـک دێـت لـە زانیارییـەکان و مەعریفـە تیۆرییـەکان و ئامانجـەکان، لـە ڕێگەیـەوە دەتوانـرێ تـاک فێـری بەهـاکان

بکرێــت. ئــەم جــۆرەی بەهــا کــە دەتوانیــن فێریــان ببیــن، بریتییــن لــە (اليــماني، ٢٠٠٧: ٨٠):

- زانیــن و دۆزینــەوەی جێگــرەوە گونجــاوەکان (البدائــل الممکنــة).
- سەیرکردنی دەرئەنجامی هەریەک لەم جێگرەوانە.
- هەڵبژاردنی ئازادانە.

کەواتــە لــەم بنچینەیــەدا هەمــوو ئــەو شــتانە لەخــۆ دەگرێــت کــە پەیوەندییــان بــە تیۆرییــەکان و زانیارییــە تیۆرییەکانــی مەعریفــە و ئــەو مانــا جیاوازانــەی کــە پەیوەندییــان پێــوەی هەیــە، ئینجــا لێــرەدا پەیوەندیــی بــەو بەهایانــەوە هەیــە کــە تــاک هــەوڵ دەدات فێریــان ببێــت و لــە ڕێگەیانــەوە جێگــرەوە بەردەســت و دەرئەنجامەکانیــان بزانێــت، ئــەم پێکهاتەیــە لــە ســەر بنەمــای هەڵبژاردنــی ئــازاد دامــەزراوە (بوعبــدلي، ٢٠١٨: ١٠٤). یــان پەیوەندیــی بــە زانیــاری و ئەزموونەکانــی تاکــەوە هەیــە، کــە پەیوەندییــان بــە بابەتــی بەهــاوە هەیــە کــە لــە ڕێگــەی کارلێککردنــی لەگــەڵ کەســانی دیکــە یــان لــە بــارودۆخ و ڕووداوەکانــی ڕۆژانــەدا فێریــان دەبێــت، یــان لــە ڕێگــەی ئــەو پەروەردەیــەی کــە تــاک وەریگرتــووە ڕۆڵــی ســەرەکی دەگێڕێــت لــە دارشــتنی پێکهاتــە مەعریفییەکەیــدا، هەروەهــا پاڵپشــتە بــەو توخمــە ئایینــی و کولتــووری و کۆمەڵایەتــی و شارســتانیانەی کــە ئــەم پەروەردەیــە لــە ســەری دامــەزراوە و تیایــدا بەهــاکان بــە تــاک دەناســێنێت (أبــو المعاطــي، ٢٠١٨: ٧٦٣).

**٢. پێکهاتەی سۆزداری-دەروونی**

هەســت و ســۆز و هەڵچوونــەکان و هەســتە ناوەکییــەکان لەخــۆ دەگرێــت و لــە ڕێگەیــەوە تــاک ئــارەزووی بــۆ هەندێــک بەهــا هەیــە و ئــەم پێکهاتەیــەش پەیوەندیــی بــە قەدرزانینــی بەهــا و شــانازییەوە هەیــە. کەســانێک هــەن کــە بڕیــار دەدەن کــە ئــەم پێکهاتەیــە پێــوەری پێزانینــە، کــە لــە وابەســتەیی بــە بەهــا و شــانازیپێوەکردن و هەســتکردن بــە خۆشــی لــە هەڵبژاردنیــدا و خواســتی ڕاگەیاندنــی بــە ئاشــکرا ڕەنــگ دەداتــەوە. لــە دوو هەنــگاوی یــەک لــە دوای یــەک پێــک دێــت: هەســتکردن بــە بەختــەوەری بــۆ هەڵبژاردنــی بەهاکــە و ڕاگەیاندنــی پابەندبــوون بــە بەهاکــە (بوعبــدلي، ٢٠١٨: ١٠٤-١٠٥). هەروەهــا پێکهاتــەی ســۆزداری پەیوەندیــی بــەوەوە هەیــە کــە تــاک لــە ڕێگــەی پراکتیزەکردنــی ڕەفتــاری بنەمــادار بــە بەهــاوە چــی بەدەســت دەهێنێــت؟، لــە هەندێــک ڕەزامەندیــی ئەخلاقیــی ئەرێنــی، کــە نوێنەرایەتیــی بەهێزکــردن و بەردەوامبــوون و پراکتیزەکردنــی ئــەم ڕەفتــارە دەکات (أبــو المعاطــي، ٢٠١٨: ٧٦٣).

**٣. پێکهاتەی ڕەفتاری**، کە ئەمەش پێک دێت لە (الحسين، ٢٠١٤: ١٠٧):

- بڵاوکردنەوەی وابەستەبوون بە بەهاکان
- گۆڕینی بەهاکان بۆ کردار (پراکتیک)
- بونیادنانی سیستمی بەهایی

کەواتــە ئــەم پێکهاتەیــە لــە ڕێگــەی پێــوەری کــردار یــان پراکتیکــەوە دیــاری دەکرێــت و پراکتیزەکردنــی ڕاســتەقینەی بەهــا بــە شــێوەیەک کــە لەگــەڵ بەهــای هەڵبژێــردراودا بگونجێــت لەخــۆ دەگرێــت، بــە مەرجێــک پراکتیکەکــە بــە بەردەوامــی لــە بارودۆخــە جیاوازەکانــدا دووبــارە بکرێتــەوە هــەر کات دەرفەتێــک هاتــە پێشــەوە (بوعبــدلي، ٢٠١٨: ١٠٥). یــان مەبەســت لــە پێکهاتــەی ڕەفتــار، پەیوەندیــی بــەو کــردەوە یاخــود ڕەفتــارەوە هەیــە کــە لــەم بەهایــەدا ســەر هەڵــدەدات، هەروەهــا فــۆرم و سروشــتی ئــەم ڕەفتــارە بــە شــێوەیەک لەگەڵیــدا بگونجێــت، هەروەهــا گرنگتریــن پێکهاتــەی بەهاکەیــە، چونکــە نوێنەرایەتیــی ڕاســتەقینە و وەرگێــڕی ڕاســتەقینەی لــە واقیعــی ژیانــدا هەیــە (أبــو المعاطــي، ٢٠١٨: ٧٦٣).

**چوارەم: تایبەتمەندییەکانی بەها**

بەهــاکان بــە کۆمەڵێــک تایبەتمەنــدی جیــا دەکرێنــەوە، لــە گرنگترینیــان:

- تایبەتمەندیــی خودیــی (subjective) هەیــە، واتــە پەیوەندیــی بــە سروشــتی مــرۆڤ و لایەنــی دەروونیــی تاکــەوە هەیــە کــە بەهــا بریتییــە لــەو بڕیارانــەی کــە لــە ســەر شــتەکان دەدرێــن و گوزارشــت لــە توخمــە کەســییەکان دەکات (عبدالرحمــن، ٢٠١٧: ٦٢).
- تایبەتمەندیــی کۆمەڵایەتیــی هەیــە و بەدەســت هاتــووە، دەکرێــت لــەو ژینگەیــەوە فێــر بێــت کــە تــاک تیایــدا دەژیــەت، لــە ڕێگــەی پرۆســەکانی بەکۆمەڵایەتیبوونــە جیاوازەکانــەوە

(الحجیة، ٢٠١٧: ١٤). مەبەست لە بەکۆمەڵایەتیبوونی بەها ئەوەیە کە مانا و کاریگەرییە ڕاستەقینەکانی دەرناکەون، بەبێ هەبوونی بوونێکی کۆمەڵایەتی (کشیک، ٢٠٠٣: ٦٣).

- تایبەتمەندیی ڕێژەیی (Relatively) هەیە، بەهاکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەر چەندە بەهاکان تایبەتمەندیی سەقامگیریی ڕێژەییان هەیە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا دەگۆڕدرێن، چونکە ڕەنگدانەوەی سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن (العریشي و الدوسري، ٢٠١٥: ٨٣-٨٤). هەروەها لە ئاستی تیۆریدا بەهاکان حوکمێکی ڕەهان لە سەر ڕەفتاری مرۆڤ، بەڵام لە ئاستی پراکتیکی و کارپێکراودا ڕێژەییە، بە پێی پابەندبوونی تاکەکان دەمێننەوە (أبو المعاطي، ٢٠١٨: ٧٦٢). کەواتە ملکەچی بنەمای جیاوازیی تاکایەتی دەبێت، لەوانەیە بەهایەک لای تاکێک ئەولەویەتی هەبێت، لە لای کەسانی دیکە پلەیەکی دیکەی هەبێت و لە کۆتاییدا بێت.

- بەها پلەبەندییەکی هەرەمییە، واتە نەسەق و سیستمێکی دیاریکراو هەیە کە پەیڕەویی دەکات. هەر تاکێک بەهایەکی دیاریکراوی هەیە، کە ئارەزووی بۆی هەیە و چاوپۆشی لە بەهای دیکە دەکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خواستی تاک و ئەندامەکانی کۆمەڵگە و ئەو بارودۆخەی تیایدا دەژیەت (الحجیة، ٢٠١٧: ١٥). کەواتە لە ژێر ڕۆشنایی ئەمانەدا تاک شێوازێکی ڕەفتاری تایبەت هەڵدەبژێرێت کە بە باشتری دەزانێت لە شێوازەکانی تری ڕەفتار.

- بەهاکان تایبەتمەندیی دینامیکییان هەیە، واتە ئامادەیی بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ڕەنگە گۆڕانکارییەکە خێرا یان خاو بێت و ئەمەش بەندە بەو کۆمەڵگەیەی کە ئەو گۆڕانکارییە تێیدا ڕوو دەدات (عبدالرحمن، ٢٠١٧: ٦٢).

- هەڵگری سیفاتێکی پێوەرییە، بەو مانایەی کە بەها پێوانەیەکە بۆ دەرکردنی بڕیارەکان، بۆیە بە پێوانە و هەڵسەنگاندن، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ڕەفتار دادەنرێت (الحجیة، ٢٠١٧: ١٥).

- بەهاکان مانای ئەبستراکتیان هەیە، بەڵام دەبێت لە واقیع و ڕەفتاردا پۆشراو بن. بەهاکان دەبێت لە لایەن کۆمەڵگەوە باوەڕیان پێ بکرێت تا ببنە ڕێنمایی بۆ ڕەفتارەکانی تاک (العریشي و الدوسري، ٢٠١٥: ٨٤).

**پێنجەم: جۆرەکانی بەها**

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین بە پوختی جۆرەکانی بەها بخەینە ڕوو، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

**یەک. جۆرەکانی بەهاکان لە سەر بنچینەی ناوەرۆک**

پۆلێنکردنی بەها لە سەر بنچینەی ناوەرۆک، بریتیین لە:

**أ. پۆلێنبەندیی ئیدوارد سبرانجر** (Eduard Spranger (١٨٨٢-١٩٦٣))

سبرانجر بەهاکانی دابەش کردووە بۆ:

**١. بەها مەعریفی و هزرییەکان (القیم النظریة - Theoretical values)**

بە گرنگیدانی تاک بۆ ئارەزووی دۆزینەوەی حەقیقەت هەژمار دەکرێت، ئاراستەیەکی مەعریفی لەو ژینگەیەی تیایدا دەژیەت وەردەگرێت. ئەم تاکانە جیا دەکرێنەوە بەوەی ئەم بەهایەیان هەیە کە تێڕوانینێکی بابەتی ڕەخنەیی، مەعریفی و ڕێکخستنکارییان هەیە.

**٢. بەها جوانییەکان (القیم الجمالیة - Aesthetic Values)**

بە گرنگیدانی تاک و ئارەزووەکانی بۆ ئەوەی کە لە لایەنی شێوە جوانە، یان بە گونجان و تەنسیق هەژمار دەکرێت، ئەم تاکانە جیا دەکرێنەوە بەوەی گرنگی بە هونەر و داهێنانە هونەرییەکان دەدەن (عزیز، ٢٠٠٦: ٢٧).

**٣. بەها کۆمەڵایەتییەکان (القیم الاجتماعیة - Social Values)**

بە گرنگیدانی تاک و ئارەزووی بۆ ئەوانی دیکە کە پێکەوە دەژین هەژمار دەکرێت، ئارەزووی هاوکاریکردنیان دەکات. ئەم تاکانە جیا دەکرێنەوە بەوەی ئەم بەهایەیان هەیە کە سۆز و بەزەییان هەیە و کار دەکەن لە پێناو خزمەتکردنی کەسانی دیکە.

**٤. بەها ئابوورییەکان (القیم الاقتصادیة - Economical Values)**

بە گرنگیدانی تاک و ئارەزووەکانی بۆ ئەوەی کە سوودمەندە هەژمار دەکرێت. ئەم تاکانە جیا دەکرێنەوە بەوەی ئەم بەهایەیان هەیە کە تێڕوانینێکی کردارییان هەیە، بە تایبەتی لە بازرگانەکان و دەوڵەمەندەکان

پێـک دێـت (الحسـین، ٢٠١٤: ١١١). ئەمـەش واتـە ئەوانـەی بـە کـرداری گرنگـی دەدەن بـە سـوود و قازانـج و کارکـردن (الخزاعلـة، ٢٠٠٨: ٤٠).

**٥. بەها ئایینییەکان (القیم الدینیة - Religious Values)**

بـە گرنگیدانـی تـاک و ئـارەزووی بـۆ مەعریفـەی ئەودیـو سروشـت هەژمـار دەکرێـت. ئـەم تاکانـەی ئـەم بەهایەیـان هەیـە جیـا دەکرێنـەوە بـەوەی کـە لـە گشـت لایەنـەکان پەیڕەویـی ڕێوڕەسـمە ئایینییـەکان دەکـەن.

**٦. بەها سیاسییەکان (القیم السیاسیة - Political Values)**

بـە گرنگیدانـی تـاک بـە ئەنجامدانـی چالاکیـی سیاسـی و کاری سیاسـی و چارەسـەرکردنی کێشـەی خەڵکـی هەژمـار دەکرێـت. ئـەم تاکانـەی ئـەم بەهایەیـان هەیـە جیـا دەکرێنـەوە بـەوەی کـە کەسـانێکی سـەرکردەن (الیـماني، ٢٠٠٨: ٩٠-٩١).

**ب. پۆلێنبەندیی شیللر**

شـیللر جیاکاریـی کـرد لـە نێـوان چـوار ئاسـت لـە بەهـا، کـە ئەوانیـش (الحجیـة، ٢٠١٧: ١٥):

- ئاسـتی نـزم: بریتییـە لـە بەهـای سروشـتیی هەسـتپێکراو، کـە لـە تاکێکـەوە بـۆ تاکێکـی دیکـە جیـاوازە، ئـەو تاکانـەی خاوەنـی چێـژن دەگرێتـەوە.
- ئاستی بەهـای زیندەیـی: پێـک دێـت لـە بەهـای تەندروسـتی و ژیـان و مـردن.
- ئاسـتی بەهـای ڕۆحـی: کـە سـەربەخۆیە لـە لاشـە، کـە بەهـای حەقیقـەت و جوانـی و...
- ئاستی بەهـای ئایینـی: کـە باڵادەسـتە بـە پیـرۆزی (مقـدس)، کـە ئیمانـداری و بیروبـاوەڕ و پەرسـتش دەگرێتـەوە.

**دوو. جۆرەکانی بەهاکان بە پێی مەبەستیان**

لـە ڕووی مەبەسـتیانەوە بەهـاکان بەسـەر دوو جـۆردا دابـەش دەکرێـن:

١. بەهـا ئامرازییـەکان (قیـم وسـائلیة - Instrumental values): ئـەم بەهایانـە وەک ئامرازێـک سـەیر دەکرێـن بـۆ جێبەجێبوونـی ئامانجـی دوورتـر (امیـن، ٢٠١٠: ٣٣).

٢. بەهـا کۆتاییـەکان یـان ئامانجـدارەکان (Uitimate values): ئـەو ئامانـج و فەزیلەتـە کۆتاییانـەن کـە گرووپـەکان بـۆ تاکـەکان دایدەنێـن (همـشري، ٢٠١٣: ٣١٣).

**سێ. جۆرەکانی بەهاکان بە پێی توندی و پابەندبوونیان**

لێـرەدا دەتوانیـن جیـاوازی بکەیـن لـە نێـوان ٣ جـۆری بەهـاکان و پابەندبـوون پێیـان، کـە ئەمانـەی لای خـوارەوەن (عـدوم، ٢٠١٧: ٦٠):

١. دەبێـت چـی بێـت: بریتییـە لـە بەهـا زۆرەملێـکان، یـان واجببـوون و قەدەغەکراوەکانـن.

٢. ئـەوەی پێویسـتە پەسـەند بکرێـت: ئەمانـە ئـەو بەهـا جیاوازانـەن کـە تاکـەکان هـان دەدرێـن پابەنـد بـن پێیانـەوە.

٣. ئـەوەی هیـوا دەخوازرێـت: واتـە بەهـا نموونەییـەکان (ئایدیاڵـەکان) کـە خەڵـک هەسـت بـە سـەختیی جێبەجێبوونـی بـە تـەواوی دەکـەن و نموونەکانیـان پێچەوانـەی خراپـەن لەگـەڵ میهرەبانـی.

**چوار. جۆرەکانی بەهاکان بە پێی گشتگیری (بڵاوبوونەوەیان):**

لـە ڕووی ڕادەی بڵاوبوونەوەیـان دابـەش دەبـن بەسـەر دوو بەشـدا، ئەوانیـش (أبـو عمـرة، ٢١٠٣: ٣٥):

**١.** بەهـا گشـتییەکان: ئەمانـە ئـەو بەهایانـەن کـە لـە هەمـوو کۆمەڵگـەدا بەربـڵاون.

**٢.** بەهـا تایبەتـەکان: ئەمانـە بەهاگەلێکـن کـە پەیوەندییـان بـە بۆنـە کۆمەڵایەتییـە دیاریکـراوەکان، شـوێنە سـنووردارەکان، یـان چینێـک یـان گرووپێکـی دیاریکـراوەوە هەیـە.

**پێنج. جۆرەکانی بەهاکان بە پێی ڕوونییان:**

بەهـاکان لـە ڕووی ڕوونییـەوە بەسـەر دوو بەشـدا دابـەش دەکرێـن (الحسـین، ٢٠١٤: ١١٢- ١١٣):

**١.** بەهـا دیـارەکان: ئـەو بەهایانـەن کـە تـاک بـە ڕوونـی و بـە وتـن دەریدەبڕێـت، بـۆ نموونـە: بەهاکانـی تایبـەت بـە خزمەتگوزاریـی کۆمەڵایەتـی و بەرژەوەندییـە گشـتییەکان.

٢. بەهـا ناڕاسـتەوخۆکان: ئـەو بەهایانـەن کـە لـە ڕەفتـاری تاکەکانـدا دووبـارە دەبنـەوە.

**شەش. جۆرەکانی بەهاکان بە پێی بەردەوامبوونیان:**
بەهــاکان بــە پێــی ئــەم ڕەهەنــدە پۆلێــن دەکرێــن بــۆ دوو پــۆل، ئەوانیــش (ســهام، ٢٠١٩: ٦٧):
**١.** بەهـا ڕاگـوزەرەکان: ئەوانـەن کـە بەردەوامییـان کەمـە و زوو لەنـاو دەچـن، تایبەتمەنـدن بـە نەبوونـی پیـرۆزی لـە لایـەن کۆمەڵگـەوە.
**٢.** بەهـا هەمیشـەییەکان (بـە شـێوەیەکی ڕێژەیـی): ئەوانـەن کـە بـۆ ماوەیەکـی زۆر دەمێننـەوە و لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی دی دەگوازرێنـەوە کـە تایبەتمەنـدە بـە دابونەریـت. ڕەنگـە ڕەگ دابکوتێـت و تـا قووڵایـی مێـژوو درێـژ ببێتـەوە.

**شەشەم: بۆچوونە تیۆرییەکان لە بارەی بەها**
سـەبارەت بـە بۆچوونـە تیۆرییـەکان، ئـەوا ناسـاندن و لێکدانـەوەی بابەتـی بەهـاکان لـە کاتێکـەوە بـۆ کاتێکـی دیکـە و لـە تێڕوانیـن و پسـپۆڕییەک بـۆ ئـەوەی دیکـە گـۆڕاوە، تەنانـەت لـە کولتـوور و کۆمەڵگـە جیـاوازەکان بـە دیـد و تێڕوانینـی جیـاوازەوە بـاس کـراوە کـە لێـرەدا بـە پوختـی لـە سـەریان دەدوێیـن.
لـە سـەرەتادا سـەبارەت بـە چەمکـی بەهـا لای کۆمەڵناسـان، بـە گشـتی ئاسـتێکە یـان پێوەرێکـە بـۆ هەڵبـژاردن لـە نێـوان ئـەو جێگـرەوە یـان ئەگـەرە کۆمەڵایەتییانـەی کـە لـە بـەر دەسـتی کەسـێکدایە لـە دۆخێکـی کۆمەڵایەتیـدا (عبدالرحمـن، ٢٠١٧: ٤٩). لـە خـوارەوە بـە کورتـی بۆچوونـی کۆمەڵێـک زانـا سـەبارەت بـە بەهـا دەخەینـە ڕوو:
**ئۆگست کۆنت** (Auguste Comte) (١٧٩٨-١٨٥٧)
لـە تێڕوانینـە کۆمەڵناسـییەکەیدا بـۆ بەهـا و دیـاردە ئیتیکییـەکان، هـەر چـی بیرکردنـەوەی میتافیزیکـی هەبـوو دووری خسـتەوە، هـەر چـی توێژینـەوە سۆسـیۆلۆجییەکان هەیـە کـورت دەبێتـەوە لـە سـەر دراسـەکردن و شـیکردنەوەی واقیعـی هەسـتپێکراو و بـە ڕێگـەی میتـۆدی توێژینـەوەی ئەزموونـی، هەروەکـوو چـۆن بەهـا و ڕاسـتییەکان و دیـاردە ئیتیکییـەکان لـە لای کۆنـت ڕێژەییـە نەوەکـوو ڕەهـا، هەروەکـوو چـۆن خاوەنـی ئاراسـتەی نموونەیـی (مثـالي) بروایـان پێـی هەیـە، بەڵکـوو بریتییـە لـە کۆمەڵـە حەقیقەتێکـی واقیعـی کـە مـرۆڤ کارلێکیـان لەگـەڵ دەکات، نەوەکـوو خەیاڵیـان لـە بـارەوە بـکات. هـەر ئـەوەش وا دەکات گرنگیـی زانسـتی ئیتیـک (ئەخـلاق) دیـار بکەوێـت (أحــلام، ٢٠١٦: ١٠٥).

**ئەمیل دورکایم** (Emille Durkheim) (١٨٥٨-١٩١٧)
نەزعــەی زانســتیی بــەکار هێنــا بــۆ توێژینــەوەی ئیتیکــی و ڕاڤەکردنــی بەهــا و دیــاردە ئیتیکییــەکان لــە دوای کۆنــت. بۆچوونــە سۆســیۆلۆجییەکانی ڕەنگدانــەوەی هەبــوو لــە ڕرڤەکردنـی بەهـا و دیـاردە ئیتیکییـەکان (أحـلام، ٢٠١٦: ١٠٦). هەروەهـا وای دەبینێـت کـە بەهـاکان ئـەو کۆمەڵـە بیرۆکـە و گرنگیپێدانانـەن کـە تـاک لـە ڕێگـەی ئەزموونـە جۆراوجـۆر و پراکتیکییەکانـی لـە کۆمەڵگـەدا بەدەسـتی دەهێنێـت، دەبێتـە سـیمایەکی پێـوەری بـۆ کردارەکانـی و سـیفاتی ئەرێنیـی هەیـە و ڕەوایـی دەدات بـە کـردار و ڕەفتارەکانـی لـە نـاو کۆمەڵگـەدا (بکـوش، ٢٠١٤: ٧٦). هەروەهـا ئامـاژەی بـەوە دا کـە هەمـوو کۆمەڵگەیەکـی مرۆیـی پانتایـی و سیسـتمێکی ئەخلاقییشـی هەیـە، کـە نوێنەرایەتیـی واقیعێکـی کۆمەڵایەتـی دەکات، ئـەم سیسـتمە ئەخلاقییـە ڕۆڵـی هەبـووە لـە سیسـتمی دابەشـکردنی کاردا، بەهـاکان بەرهەمێکـی کۆمەڵایەتیـی هـۆکارە کۆمەڵایەتییەکانـن، سیسـتمی ئەخلاقـی پەیوەسـتە بـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـی ئـەو کۆمەڵگەیـەی کـە تێیـدا بوونـی هەیـە، هیـچ سیسـتمێکی ئەخلاقیـی گشـتگیر بـۆ هەمـوو کۆمەڵگـەکان نییـە، بەڵکـوو هـەر کۆمەڵگەیـەک سیسـتمی ئەخلاقیـی تایبەتـی خـۆی هەیـە کـە پێویسـتی پێیەتـی و لـە ڕێگەیـەوە ئـەوەی لــە ڕووی کۆمەڵایەتییــەوە خواســتراوە؛ دیــاری دەکرێــت (یـس، ١٩٩٩: ٨). کەواتـە بەهاکانیـش لـە کۆمەڵگەیەکـەوە بـۆ یەکێکـی دیکـە جیـاوازن. ئـەوەی لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە پەسـەندە وەردەگیرێـت و ئەوانـی دیکـە ڕەت دەکرێنـەوە. لـەم ڕوانگەیـەوە بێـت ناتوانیـن هیـچ بەهایـەک کـە لـە کۆمەڵگەیەکـەوە خواسـتراوە و جێگـەی گرنگیدانـە، لـە سـەر کۆمەڵگـەی دیکـە و تاکەکانـی جێبەجـێ بکرێـت.
بـە بـڕوای دورکهایـم، بەهـاکان بریتیـن لـەو پەیوەندییـەی نێـوان بابەتـەکان بـە ڕواڵەتـە جیـاوازەکان دەبەسـتێتەوە و لـە نموونـەی بـاڵاوە سـەرچاوە دەگـرن. ئـەم نموونانـە دەگۆڕدرێـن، چونکـە لـە ئەنجامـی سروشـتی شـتەکان خۆیـان لـە جیهانێکـی ڕاسـتەقینەدا دروسـت دەبـن. دورکهایـم نیشـانی داوە کـە

بەهــاکان وەکــوو هەمــوو دیــاردە کۆمەڵایەتییــەکان لــە لایــەن کۆمەڵگــەوە دروســت دەکرێــن و هێــزی پابەندکردنیــان هەیــە. بەهــاکان ئــەو تێگەیشــتنانەن کــە بــە گشــتی و پابەندبــوون تایبەتمەنــدن. هەروەهــا دورکهایــم ئەگــەری ڕزگاربوونــی تاکــەکان لــە بەهاکانــی کۆمەڵگــە یــان یاخیبوونیــان و دروســتکردنی بەهــای نــوێ ڕەت کــردەوە (زیتــون، ٢٠١٩: ٩٨٦).

**ماکس ڤێبەر** (Max Weber) (١٨٦٤-١٩٢٠)

پێــی وایــە بەهــاکان بریتیــن لــەو ڕێنماییانــەی کــە جۆرێــک یــان فۆرمێــک لــە ڕەفتــار دەســەپێنن. ئــەم بەهایانــە هەندێــک فەرمــان لەخــۆ دەگــرن کــە دەســت بەســەر ڕەفتــاری مرۆڤــدا دەگــرن، یــان ئــەم بەهایانــە ڕەنگــە بکەونــە ژێــر هەندێــک داواکاری کــە مــرۆڤ لــە ناچاریانــدا بیــکات (بکــوش، ٢٠١٧: ١١١).

**کارل مانهایم** (Karl Mannheim) (١٨٩٣-١٩٤٧)

دەڵێــت پابەندبوونمــان بــە بەهــاکان؛ ســەرچاوە دەگرێــت لــە پێویســتیبوونمان پێیانــەوە، یاخــود سیســتمی کۆمەڵایەتــی پێویســتی پێیەتــی، بەمــەش بوونــی بەهــاکان پێداویســتییەکی کۆمەڵایەتییــە (محمدامیــن، ٢٠١٧، ١٤).

هەروەها **تالکوت پارسونز** (Talcott Parsons) (١٩٠٢-١٩٧٩)

لــە کتێبەکەیــدا (کەســایەتی و بونیــاد) باســی بەهــای کــردووە، بــەوەی بریتییــە لــە وێنــای ڕوونکردنەوەییــن بــۆ ئاڕاســتەکردنی ڕەفتــار لــە هەڵوێســتدا، داوەرییەکانــی پەســەندی و ڕەتکردنــەوە دەستنیشــان دەکــەن و لــە ئەزموونــی کۆمەڵایەتییــەوە ســەرچاوە دەگــرن و بــە هۆیانــەوە یەکێتــی لــە کەســایەتیدا دێتــە ئــاراوە (الســوالقة، ٢٠١٦: ٢٠٦٩)، هەروەهــا بەشــێکە لــە کرۆکــی کەسایەتیی کۆمەڵایەتیــدا، چونکــە ئــاکام و بەرهەمــی پرۆســەی بەکۆمەڵایەتیبوونــە، هەروەهــا پارســونز پێــی وایــە بەهــاکان دیاردەیەکــی کۆمەڵایەتی-کولتوورییــە کــە ســەرچاوەکەی پێکهاتــەی کولتوورییــە کــە لــە بیرۆکــەکان و هێــماکان پێــک دێــت (الظاهــر و المعــماري، ٢٠١٤: ٣٣).

لە کۆتاییدا **ئەنتونی گیدنز** (Anthony Giddens) (١٩٣٨-)

پێــی وایــە بەهــاکان بریتیــن لــە "خەملاندنــی کۆمەڵایەتــی بــۆ ڕەزامەندییــە تایبەتــەکان، پەیوەندییــەکان، چالاکییــەکان و فۆڕمەکانــی ڕێکخســتنی کۆمەڵایەتــی". دەتوانرێــت بەهــاکان وەک حوکمــدان پێناســە بکەیــن کــە بــە پێــی ســتانداردەکانی گرووپەکــە لایــان خــوازراو و پەســەندە. لــە حوکمەکانــی هەڵســەنگاندنمان لــە ســەر بابەتــەکان، ئێمــە پابەندیــن بــە ســتانداردەکانی کۆمەڵگــە و حوکمەکانــی. هەروەهــا بابەتــی پەروەردەکــردن گرنگتریــن تایبەتمەندیــی بەهاکانــە (غیدنــز، ٢٠٠٥: ١١٦). کەواتــە هــەر بەهایــەک کــە لــە نــاو کۆمەڵگــەدا پەیڕەویــی لــێ دەکرێــت، بــۆ ئــەو حوکــم و ســتانداردانە دەگەڕێتــەوە کــە دانــراون. ڕەنگــە ئەســتەم بێــت لای زۆرینــە کــە لێیــان دەربچێــت و پێیانــەوە پابەنــد نەبێــت.

**حەوتەم: میتۆدی توێژینەوەکە**

ئــەم توێژینەوەیــە توێژینەوەیەکــی چەندایەتییــە، کــە تیایــدا لــە ڕێگــەی پرەنســیپ و میتۆدەکانــی ئــەم توێژینــەوەوە زانیارییــەکان کــۆ کراونەتــەوە و شــیکار کــراون. ئــەو میتــۆدەی ســوودی لــێ وەرگیــراوە، میتــۆدی ڕووپێویــی کۆمەڵایەتییــە (Social Survey Method)، بــەڵام بــە ڕێگــەی نموونــە (Sample).

**هەشتەم: کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە**

١. دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگــەی توێژینــەوە گشــت ئــەو تاکانــە یــان حاڵەتانــە دەگرێتــەوە کــە توێــژەر دەیەوێــت ئەنجامەکانــی توێژینەوەکــەی بەســەریاندا بگشــتێنێت. ئــەم توێژینەوەیــە لــە بــارەی "لاوان و پرســی بەها"یــە (توێژینەوەیەکــی مەیدانییــە لــە هەرێمــی کوردســتان). کۆمەڵگــەی توێژینەوەکەمــان بریتییــە لــە هەمــوو ئــەو لاوانــەی تەمەنیــان لــە نێــوان (١٨-٣٥) ســاڵیدایە، کــە دانیشــتووی هەرێمــی کوردســتانن.

٢. دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە

لــەم توێژینەوەیــەدا نموونــەی مەبەســتدار لــە جــۆری "بەردەســت" (الملائمــة) وەرگیــراوە. هەروەهــا دوای ئامادەکردنــی فۆرمــی ڕاپرســییەکە، بــە شــێوەی ئۆنلایــن لــە ڕێگــەی فەیســبوک و گرووپــە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ڤایبــەر و واتسئەپ بــڵاو کرایــەوە. لــە ئێســتادا بەکارهێنانــی ڕاپرســییە ئۆنلاینــەکان لــە زانســتە کۆمەڵایەتییەکانــدا بــە خێرایــی گەشــەی کــردووە، کــە دەتوانرێــت بــە شــێوەیەکی تــا ڕادەیــەک خێــرا و هــەرزان نموونــەی پێویســت

وەربگیرێــت (Lehdonvirta and others, ٢٠٢٠; ١٣٤-١٣٥). بۆیــە توێـژەران ئـەم شـێوازەی كۆكردنـەوەی زانیارییەكانیـان بـەكار هێنـا. لـەم توێژینەوەیـەدا لاوانـی دانیشـتووی هەرێمـی كوردسـتان، لـە هــەر (٤) پارێــزگای (هەولێــر، ســلێمانی، دهــۆك و هەڵەبجــە) بـە نموونـەی (٥٠٨) كـەس وەرگیـراون. مـاوەی نێـوان (٢٠٢٣/٢/٥ تاكـوو ٢٠٢٣/٧/١٢)ی بـۆ كۆكردنـەوە و شـیكردنەوەی زانیارییـەكان خایانـدووە.

**نۆیەم: ئامرازی كۆكردنەوەی زانیارییەكان**

لــەم توێژینەوەیــەدا پرســیارنامە (Questionnaire) بــۆ كۆكردنــەوەی زانیارییــەكان بــەكار هێــنراوە، دوای ئــەوەی پرسـیارنامەكە لـە سـەرەتادا لـە شـێوەی چەنـد برگەیـەک بـە شـێوەی پێـوەری لیكـەرت (Likert scale) ئامـادە كـرا، ئینجـا بـۆ ئـەوەی مەرجـە سـایكۆمەترییەكانی لـێ بێتـە دی، هـەردوو ئامـرازی "ڕاسـتێتی" (Validity) و "جێگیـری" (Reliability)ی لـە سـەر جێبەجـێ كـرا.

پرسـیارنامەكەی ئـەم توێژینەوەیـە بـە مەبەسـتی هەڵسـەنگاندن بــۆ (١١) پســپۆڕ نێــردران. دوای گەڕانــەوەی پرســیارنامەكە دەركـەوت پلـەی ڕاسـتێتیی ئامـرازی پێوانەكـردن بریتییـە لـە (٩١,٤٠٪)، ئەمـەش بـە ئاماژەیەكـی زۆر بـاش دادەنرێـت بـۆ ڕازیبوونـی پسـپۆڕان لـە پرسیارنامەكە. هەروەهـا بـۆ دەرهێنانـی جێگیریــی ئامــراز، توێــژەر (١٥) فۆڕمــی بەســەر كۆمەڵگــەی توێژینەوەكــەی دابــەش كــرد، لــە ڕێگــەی بەكارهێنانــی هاوكۆلكــەی ئەلفــا كرونبــاخ (Alpha Cronbach) دەركــەوت جێگیریــی ئامــراز (٠,٨٤٩)ە، هەروەهــا ئەمــەش ئاماژەیەكــی باشــە بــۆ جێگیریــی پرســیارنامەكە.

لـە كۆتاییـدا ژمـارەی پرسـیار و برگەكانـی پرسـیارنامەی ئـەم توێژینەوەیــە بــوو بــە (٧٠) پرســیار، لەوانــەش (٩) پرســیاریان گشـتین بـۆ وەسـفكردنی تایبەتمەندییەكانـی ئەندامانـی نموونەكـە دانــراون و (٦١)یــان پرســیاری تایبەتیــن كــە لــە (٦) تــەوەردا خراونەتــە ڕوو.

**دەیەم: ئامرازە ئامارییەكانی بەكارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا**

لـەم توێژینەوەیـەدا بەرنامـەی "SPSS" بـەكار هاتـووە، ئەویـش بــۆ پۆلێنكــردن و دروســتكردنی خشــتەكان و شــیكردنەوەی زانیارییــەكان ســوودی لــێ وەرگیــراوە. هەروەهــا دەرهێنانــی ڕێــژەی ســەدی (النسـبة المئویـة)، ناوەنـدی ژمارەیـی (الوسـط الحسـابي Mean)، ناوەنـدی ژمێرەیـی سـەنگكراوی برگـە (الوسـط الحسـابي المرجـح للفقـرة)، ئەلفـا كرونبـاخ (Alpha Cronbach) بـۆ جێگیریـی پرسـیارنامە، لادانـی پێـوەری (الانحـراف المعیـاري - Std. Deviation)، تاقیكردنـەوەی "ت"ی "الاختبـار التـائي - T-Test" و ئەنۆڤـا (تحلیـل التبایـن - Anova) سـوودی لـێ وەرگیـراوە.

**یازدەیەم: خستنەڕوو و شیكردنەوەی زانیارییەكانی توێژینەوەكە**

**أ. خەسڵەتە گشتییەكانی تاكەكانی نموونەی توێژینەوەكە**

لـە "خشـتەی ١" كـە تیایـدا خەسـڵەتەكانی تاكەكانـی نموونـەی توێژینەوەكـە خراوەتـە ڕوو، بۆمـان دەردەكەوێـت:

**ڕەگــەز:** تاكەكانـی نموونـەی توێژینەوەكـە بـە ڕێـژەی (٥٦,١٪) لـە ڕەگـەزی نێـر پێـک هاتـوون، ڕەگـەزی مـێ (٤٣,٩٪)ی نموونەكـە پێـک دەهێنـن.

**تەمــەن:** تەمەنــی تاكەكانــی توێژینــەوە بــۆ ســێ دەســتەی تەمەنـی دابـەش كـراون، ئەوانیـش دەسـتەی تەمەنـی (١٨-٢٣ سـاڵ)؛ ڕێـژەی (٣٦٪) نموونەكـە پێـک دەهێنـن، ئینجـا دەسـتەی تەمەنـی (٢٤-٢٩ سـاڵ)؛ ڕێـژەی (٢٨,٧٪)، كۆتـا ڕێـژەش (٣٥,٢٪) ئەوانـەن كـە تەمەنیـان لـە نێـوان (٣٠-٣٥ سـاڵ)یدایە.

**ئاسـتی خوێنـدەواری:** ئەگـەر لـە گـەورەوە بـۆ بچـووک ڕیزیـان بكەیـن، ئـەوا ڕێـژەی (٣٩,٦٪) تاكەكانـی نموونـەی توێژینـەوە لـەو لاوانـەن كـە هەڵگـری بڕوانامـەی زانكـۆن، ئینجـا ڕێـژەی (٣٢,١٪) ئەوانـەن كـە هەڵگـری بڕوانامـەی ئامادەییـن، هـەر چـی ئـەو لاوانـەی هەڵگـری بڕوانامـەی پەیمانـگان ڕێـژەی (١١,٤٪) نموونەكـە پێـک دەهێنـن، هەروەهـا ڕێـژەی (٩,٨٪) هەڵگـری بڕوانامـەی خوێندنـی بـاڵان، كۆتـا ڕێـژەش (٧,١٪) ئەوانـەن كـە هەڵگـری بڕوانامـەی ناوەنـدی و بـەرەو خـوارن.

**بــاری كۆمەڵایەتــی:** سـەبارەت بـە بـاری كۆمەڵایەتـی، ئـەوا ڕێــژەی (٥٣,٩٪) تاكەكانــی نموونــەی توێژینەوەكــە ســەڵتن بەرامبــەر بــە ڕێــژەی (٤٤,٩٪)یــان خێزانــدارن، هەروەهــا ڕێـژەی (١,٢٪) ئەوانــەن كــە لــە یەكــتر جیــا بوونەتــەوە.

**پیشــە:** ڕێــژەی (٣٩,٨٪) تاكەكانــی نموونــەی توێژینــەوە ئەوانــەن كــە قوتابیــن، ئینجــا ڕێــژەی (٣٣,٧٪) مووچــە وەرگـرن، هەروەهـا ڕێـژەی (١٦,٣٪) كاری ئـازاد دەكـەن، ئـەو

لاوانـەی ئافرەتـی ماڵـن ڕێـژەی (٣,٣٪) تاکەکانـی نموونەکـە پێـک دەهێنـن و ڕێژەی ئـەو لاوانـەی بێـکارن دەگاتـە (٦,٩٪).

**جـۆری خانـوو:** ڕێـژەی (٦٥,٤٪) تاکەکانـی نموونـەی توێژینـەوە خاوەنـی خانـووی خۆیانـن، ئینجـا ڕێـژەی (١٧,٩٪) کرێچیـن، ئەوانــەی لــە خانــووی وەرەســە نیشــتەجێن ڕێــژەی (٦,٩٪) نموونەکـە پێـک دەهێنـن، هەروەهـا ڕێـژەی (٢٪) لـە خانـووی حکومیــدا نیشــتەجێن، لــە کۆتاییــدا ڕێــژەی (٧,٩٪) ئــەو لاوانـەن کـە لـە جـۆری دیکـەی خانـوو نیشـتەجێن.

**شـوێنی نیشـتەجێبوون بـە پێـی پارێـزگا:** ڕێـژەی (٤١,١٪)ی تاکەکانـی نموونـەی توێژینەوەکـە لاوانـی دانیشـتووی پارێـزگای هەولێـرن، ڕێــژەی (٣٠,٥٪) لاوانــی دانیشــتووی پارێــزگای سـلێمانین، ڕێـژەی (٢٠,١٪) دانیشـتووی پارێـزگای دهۆکـن، ئـەو لاوانـەی دانیشـتووی پارێـزگای هەڵەبجـەن ڕێـژەی (٨,٣٪) نموونەکـە پێـک دەهێنـن.

**شـوێنی نیشـتەجێبوون:** ڕێـژەی (٥٠,٤٪) تاکەکانـی نموونـەی توێژینەوەکـە لاوانـی دانیشـتووی ناوەنـدی پارێزگاکانـن، ڕێـژەی (٢١,٩٪) لاوانـی دانیشـتووی قەزاکانـن، ڕێـژەی (١٦,٩٪) لـە ناحیەکانـدا نیشـتەجێن، ئـەو لاوانـەی دانیشـتووی گوندەکانـن ڕێـژەی (١٠,٨٪) نموونەکـە پێـک دەهێنـن.

**داهاتـی مانگانـەی خێـزان:** سـەبارەت بـە داهاتـی مانگانـە، ئەگـەر لـە گـەورەوە بـۆ بچـووک ڕیزیـان بکەیـن، ئـەوا ڕێـژەی (٤١,٧٪)ی تاکەکانی نموونەکە داهاتی مانگانـەی خێزانەکانیـان لـە نێـوان "١,٥٠٠ تاکـوو ١,٩٩٩ هـەزار دینـار"ە، ڕێـژەی (٢٧٪) ئەوانــەن کــە داهاتــی مانگانەیــان زیاتــر لــە دوو ملیــۆن دینـارە، لـە دواییـدا ئەوانـەی داهاتـی مانگانەیـان لـە نێـوان "یـەک ملیـۆن و تاکـوو ١,٤٩٩ هـەزار دینـار"ە؛ ڕێـژەی (٢٠,٩٪) ی نموونەکـە پێـک دەهێنـن و ڕێـژەی (٦,٥٪) ئـەو لاوانـەن کـە داهاتـی مانگانـەی خێزانیـان لـە نێـوان "٥٠٠- ٩٩٩ هـەزار دینــار"ە، هەروەهــا ڕێــژەی (٣,٩٪) تاکەکانــی نموونەکــە داهاتـی مانگانـەی خێزانەکانیـان "کەمـترە لـە ٥٠٠ هـەزار دینار".

**(خشتەی 1)**

**خەسڵەتە گشتییەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو**

| ر | گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕەگەز | نێر | 285 | %56.1 |
| | | مێ | 223 | %43.9 |
| 2 | تەمەن | 18- 23 ساڵ | 183 | %36 |
| | | 24- 29 ساڵ | 146 | %28.7 |
| | | 30- 35 ساڵ | 179 | %35.2 |
| 3 | ئاستی خوێندەواری | ناوەندی و بەرەو خوار | 36 | %7.1 |
| | | ئامادەیی | 163 | %32.1 |
| | | پەیمانگا | 58 | %11.4 |
| | | زانکۆ | 201 | %39.6 |
| | | خوێندنی باڵا | 50 | %9.8 |
| 4 | باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 274 | %53.9 |
| | | خێزاندار | 228 | %44.9 |
| | | جیابووە | 6 | %1.2 |
| 5 | پیشە | قوتابی | 202 | %39.8 |
| | | مووچە وەرگر | 171 | %33.7 |
| | | کاری ئازاد | 83 | %16.3 |
| | | ئافرەتی ماڵ | 17 | %3.3 |
| | | بێکار | 35 | %6.9 |
| 6 | جۆری خانوو | موڵک | 332 | %65.4 |
| | | کرێ | 91 | %17.9 |
| | | وەرسە | 35 | %6.9 |
| | | حکومی | 10 | %2 |
| | | جۆری دیکە | 40 | %7.9 |
| 7 | دانیشتووی کام پارێزگای | هەولێر | 209 | %41.1 |
| | | سلێمانی | 155 | %30.5 |
| | | دهۆک | 102 | %20.1 |
| | | هەڵەبجە | 42 | %8.3 |
| 8 | شوێنی نیشتەجێبوون | ناوەندی شار | 256 | %50.4 |
| | | قەزا | 111 | %21.9 |
| | | ناحیە | 86 | %16.9 |
| | | گوند | 55 | %10.8 |
| 9 | داهاتی مانگانەی خێزان | کەمتر لە 500 هەزار دینار | 20 | %3.9 |
| | | 500 تاکو 999 هەزار دینار | 33 | %6.5 |
| | | 1.000 تاکو 1.499 دینار | 106 | %20.9 |
| | | 1.500 تاکو 1.999 دینار | 212 | %41.7 |
| | | زیاتر لە "2" دوو ملیۆن دینار | 137 | %27 |

## ب. شـیکردنەوە و خسـتنەڕووی زانیارییـە تایبەتییەکانـی توێژینــەوە

یەکێـک لـە ئامانجەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە دەستنیشـانکردن و ڕیزبەندیـی گرنگتریـن بەهاکانـی لاوان و ئاسـتی وابەسـتەبوونیان بـە بەهاکانـەوە، ئەویـش لـە ڕێگـەی وەسـفکردنی بڕگـە و شـیکردنەوەی ڕاوبۆچوونـی تاکەکانـی نموونـەی توێژینـەوە پێـی دەگەیـن، بـە بەکارهێنانـی ئامـرازە ئامارییەکانـی وەکـوو ناوەنـدی ژمێرەیـی سـەنگکراوی بڕگـە، ناوەنـدی گریمانەکـراو، لادانـی پێـوەری، هاوکۆلکـەی جیـاوازی و ڕێـژەی ڕازیبـوون.

سـەبارەت بـە ناوەنـدی ژمێرەیـی سـەنگکراوی بڕگـە، ئەگـەر گەورەتـر بـوو لـە ناوەنـدی گریمانەکـراوی (٣)، ئـەوا ئاماژەیـە

بۆ ئەوەی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕازین لە سەر ناوەرۆکی بڕگەکە، هەروەها ئەگەر ڕێژەی ڕازیبوونی هەر بڕگەیەک گەورەتر بوو لە (٦٠٪)، ئەوا بە هەمان شێوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕازین لە سەر ناوەرۆکی بڕگەکە. ئەمەش لە سەر ناوەرۆکی هەموو بڕگەکانی پرسیارنامەکە جێبەجێ دەبێت.

### ١. لاوان و بەهای کۆمەڵایەتی

ڕیزبەندیی بڕگەکانی تەوەری یەکەم (لاوان و بەهای کۆمەڵایەتی)، لە بڕگەی (١-٩)، بە شێوەی گەورە بۆ بچووک لە سەر بنەمای ڕێژەی ڕازیبوون ڕیزبەند کراوە. هەروەکوو لە "خشتەی ٢" بۆمان دەردەکەوێت، بە گشتی لاوان زۆر بە گرنگییەوە دەڕواننە بەهای کۆمەڵایەتی و ئارەزووی پەیوەندیی باش لەگەڵ خێزان و هاوڕێ و ناسیاوەکانیان دەخوازن، چونکە ڕێژەی ڕازیبوونی (٩٠,١٦٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەکان (٤,٥١)ە و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراوی (٣)، بە لادانی پێوەری (٠,٦٧)، هەروەها بە هاوکۆلکەی جیاوازیی (١٤,٩٩٪). ئەمەش ئاماژەیە بۆ "زۆر بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەو تەوەرەیە.

خشتەی (2)

بەهای کۆمەڵایەتی لای لاوان ڕووندەکاتەوە

| ژ | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ڕێژەی ڕازیبوون | هێزی بڕگە | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەوڵدەدەم پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەبێت | 4.33 | 0.80 | %18.52 | %86.59 | زۆر بەهێز | 7 |
| 2 | تێدەکۆشم بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەمدا هەبێت | 4.77 | 0.54 | %11.40 | %95.32 | زۆر بەهێز | 1 |
| 3 | هەڵسەنگاندن بۆ پەیوەندییەکانم دەکەم، لە پێناو بەردەوامبوون لەگەڵ هاوڕێکانم | 4.22 | 0.78 | %18.39 | %84.44 | زۆر بەهێز | 8 |
| 4 | پێموایە بەرپرسیارم لە پلاندانان بۆ داهاتووی خۆم | 4.59 | 0.62 | %13.53 | %91.79 | زۆر بەهێز | 5 |
| 5 | هەست بە خۆشحاڵی دەکەم، کاتێک داوام لێدەکرێت کارێک ئەنجام بدەم، کە سوودی بۆ کەسانی دیکە هەبێت | 4.72 | 0.55 | %11.67 | %94.33 | زۆر بەهێز | 2 |
| 6 | هەوڵدەدەم سەرکەوتوو بم لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتانەی لە ئەستۆم دایە | 4.70 | 0.50 | %10.68 | %93.93 | زۆر بەهێز | 3 |
| 7 | پێشوازی لە هەر چالاکییەکی نوێ دەکەم کە دەرفەتم پێبدات ڕۆڵی سەرکردایەتی تێدا ببینم | 4.18 | 0.91 | %21.86 | %83.53 | بەهێز | 9 |
| 8 | لە هەر کارێکدا بە پەرۆشەوە هەوڵ دەدەم سەرکەوتن بەدەست بهێنم | 4.59 | 0.58 | %12.65 | %91.83 | زۆر بەهێز | 4 |
| 9 | بۆم گرنگە کەسێکی کاریگەر بم، ئەگەرچی بە شێوازێکی فەرمی ڕۆڵی سەرکردەش نەگێڕم | 4.49 | 0.73 | %16.21 | %89.72 | زۆر بەهێز | 6 |
| کۆی گشتی | | 4.51 | 0.67 | %14.99 | %90.16 | زۆر بەهێز | |

سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەرەی یەکەم (لاوان و بەهای کۆمەڵایەتی)، ئەوا بڕگەی (٢) ڕێژەی ڕازیبوونی (٩٥,٣٢٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، ڕیزبەندیی (١)ی سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی (٤,٧٧) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراوی (٣)، بە لادانی پێوەری (٠,٥٤)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "زۆر بەهێزی"ی ناوەرۆکی ئەم بڕگەیەی کە دەڵێت "تێدەکۆشم بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەمدا هەبێت". بەڵام بڕگەی (٧) ڕێژەی ڕازیبوونی (٨٣,٥٣٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، ڕیزبەندیی (٩)ی سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگە (٤,١٨) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (٣)، بە لادانی پێوەری (٠,٩١)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "بەهێزی"ی ناوەرۆکی ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت "پێشوازی لە هەر چالاکییەکی نوێ دەکەم کە دەرفەتم پێ بدات ڕۆڵی سەرکردایەتیی تێدا ببینم".

کەواتە سەبارەت بە تەوەری لاوان و بەهای کۆمەڵایەتی، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت لە بەر ئەوەی ئەو بابەتانە کەسین و تایبەتن بە خودی کەسەکان و خێزانەکانیان، زیاتر لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە پەسەندن. لە نموونەی ئەوەی "بوونی پەیوەندیی باش لەگەڵ خێزان و خۆشحاڵبوون بە ئەنجامدانی کار و سوودگەیاندن بە کەسانی دیکە، هەروەها هەوڵدان بۆ سەرکەوتن لەو بەرپرسیارێتییەی کە لە ئەستۆیاندایە، دانانی پلانی تۆکمە بۆ سەرکەوتن لە داهاتوودا، ئینجا لاوان هەوڵ دەدەن کەسێکی کاریگەر بن و پەیوەندیی باشیان لەگەڵ هاوڕێیان و کەسانی دەوروبەردا هەبێت، بەڵام کەمتر پێشوازی لە کارێک دەکەن کە ڕۆڵی سەرکردایەتیی تێدا بگێڕن".

### ٢. لاوان و بەهای ئابووری

ڕیزبەندیی بڕگەکانی تەوەری دووەم (لاوان و بەهای ئابووری) لە بڕگەی (١٠-١٩) بە شێوەی گەورە بۆ بچووک لە سەر بنەمای ڕێژەی ڕازیبوون ڕیزبەند کراوە. هەروەکوو لە "خشتەی ٣" بۆمان دەردەکەوێت، بە گشتی لاوان بە

گرنگییەوە دەڕواننە بەهای ئابووری و بە پەرۆشییەوە تێدەکۆشن بۆ ئەوەی بارودۆخی ئابووریی گونجاویان هەبێت، چونکە ڕێژەی ڕازیبوون (٨٢,٦٢٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەکان (٤,١٣)ە و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (٣)، بە لادانی پێوەری (٠,٩١)، هەروەها بە هاوکۆلکەی جیاوازیی (٢٢٪). ئەمەش ئاماژە بۆ "بەهێزی"ی ناوەڕۆکی ئەو تەوەرەیە.

سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەری دووەم، ئەوا بڕگەی (١١) ڕێژەی ڕازیبوونی (٩٢,٨٠٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، ڕیزبەندیی (١)ی سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی (٤,٦٤) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراوی (٣)، بە لادانی پێوەری (٠,٥٣)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "زۆر بەهێزی"ی ناوەڕۆکی ئەم بڕگەیەی کە دەڵێت: "هەوڵ دەدەم بارودۆخێکی دارایی گونجاو بۆ خۆم دابین بکەم".

بەڵام بڕگەی (١٩) ڕێژەی ڕازیبوونی (٦٦,٠٢٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، ڕیزبەندیی (١٠)ی سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی (٣,٣٠) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراوی (٣)، بە لادانی پێوەری (١,٣٩)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "ناوەند"ی ناوەڕۆکی ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت: "چەند دەوڵەمەند بم، خەڵک زیاتر ڕێزم لێ دەگرن".

هەروەها بڕگەکانی (١٢، ١٧، ١٤، ١٣، ١٠)، ڕیزبەندیی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها هەموویان ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراویان گەورەترە لە (٣)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "زۆر بەهێز"ی ناوەڕۆکی ئەو بڕگانە.

هەروەها بڕگەکانی (١٦، ١٥، ١٨)، ڕیزبەندیی (٧، ٨، ٩)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها هەموویان ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراویان گەورەترە لە (٣)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "بەهێز"ی ناوەڕۆکی ئەو بڕگانە.

خشتەی (3)

بەهای ئابووری لای لاوان ڕووپێوەکراوەکانەوە

| ژ | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ڕێژەی ڕازیبوون | هێزی بڕگە | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 10 | سەردەمی ئێستامان وادەخوازێت کە زیاتر لە ئیشێک بکەم | 4.22 | 0.97 | %22.99 | %84.37 | زۆر بەهێز | 6 |
| 11 | هەوڵدەدەم بارودۆخێکی دارایی گونجاو بۆ خۆم دابین بکەم | 4.64 | 0.53 | %11.53 | %92.80 | زۆر بەهێز | 1 |
| 12 | دڵخۆشم بە هەر پێشکەوتنێکی ئابووری کە لە وڵاتەکەماندا ڕوودەدات | 4.56 | 0.74 | %16.21 | %91.22 | زۆر بەهێز | 2 |
| 13 | لەژیانمدا هاوسەنگی لە نێوان پاشەکەوتکردنی پارە و خەرجکردنی دەکەم | 4.22 | 0.82 | %19.34 | %84.49 | زۆر بەهێز | 5 |
| 14 | هەوڵدەدەم خەرجییەکانم کەم بکەمەوە بۆ ئەوەی بڕێک پارە پاشەکەوت بکەم | 4.27 | 0.85 | %19.89 | %85.31 | زۆر بەهێز | 4 |
| 15 | بە گرنگییەوە دەڕوانمە هەڵاوسان و گۆڕانی نرخەکان | 3.83 | 0.92 | %23.97 | %76.61 | بەهێز | 8 |
| 16 | هەمیشە پلان دادەنێم بۆ ڕێکخستنی داهات و خەرجییەکانم | 4.14 | 0.85 | %20.53 | %82.72 | بەهێز | 7 |
| 17 | داهاتی باش ژیان و ئایندەی باشم بۆ دەڕەخسێنێت | 4.44 | 0.75 | %16.89 | %88.82 | زۆر بەهێز | 3 |
| 18 | پارە یان دراو هیچ نییە تەنها چڵکی دەستە | 3.69 | 1.27 | %34.52 | %73.74 | بەهێز | 9 |
| 19 | چەند دەوڵەمەند بم خەڵک زیاتر ڕێزم لێ دەگرن | 3.30 | 1.39 | %42.05 | %66.02 | ناوەند | 10 |
| | کۆی گشتی | 4.13 | 0.91 | %22 | %82.62 | بەهێز | |

کەواتە سەبارەت بە تەوەری "لاوان و بەهای ئابووری"، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت بە گشتی لاوان خوازیارن لە بارودۆخی ئابووریی باشدا بن و هاوسەنگی بکەن لە نێوان داهات و خەرجییەکانیان. هەر بۆیە "لاوان هەوڵ دەدەن بارودۆخێکی دارایی گونجاویان هەبێت، ئینجا بە ئەنجامدانی هاوسەنگی لە نێوان خەرجکردن و پاشەکەوتکردن بێت یان کەمکردنەوەی خەرجکردنی پارە بێت بۆ ئەوەی کەمێک پاشەکەوت بکەن، ئەم جۆرە بیرکردنەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا بارودۆخێکی خراپ و نەگونجاو بەسەر تاکەکانی هەرێمی کوردستادا هات، بە تایبەتی بەسەر مووچەوەرگرەکان، ئەمەش وای کرد خەڵکی بە گشتی بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ داهاتی مانگانەیان بکەن، چونکە تا ئێستاش (مانگی ٢٠٢٣/٨) بە هیچ جۆرێک هەست بە سەقامگیریی ئابووری ناکرێت و بەردەوام ترس لە دابینکردنی داهات و مووچە هەیە. لاوان باش تێگەیشتوون کە داهاتی باش ژیان و ئایندەی باش دەڕەخسێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە فێر نەبووین و فێر نەکراوین پلانی تۆکمە و وردمان هەبێت بۆ ڕێکخستنی خەرجییەکانمان، ئەوەش وای کردووە گرنگی نەدەین بە گۆڕان و هەڵاوسانی نرخەکان، تەنانەت هۆشیاریی ئەوەمان هەبێت هەر کات نرخەکان گران بوون ئێمە دەست بکێشینەوە لە کڕینی شتومەکەکان تا ئەوەی

نرخەکەی وەکوو خۆی لێ دێتەوە، بیرکردنەوەیەکی ناپەسەند و نادروستیش لە نێوانماندا هەیە تا ئاستی ڕازیبوونی "٧٣,٧٤٪"، تاکەکانی نموونەکە لەو باوەڕەدان کە پارە هیچ نییە و چڵکی دەستە، ئەمەش وا دەکات لاوان کەمتر بایەخ بە کار و بەدەستهێنانی داهات بدەن. لە کۆتاییدا لاوان پێیان وایە دەوڵەمەندی زۆر پەیوەندی بە ڕێزەوە نییە، بەڵکوو دەکرێت ڕێزدار بم ئەگەر دەوڵەمەندیش نەبم، کە ئەمەش بیرکردنەوەیەکی باشە.

**٣. لاوان و بەهای ئایینی**

ڕیزبەندیی بڕگەکانی تەوەری سێیەم (لاوان و بەهای ئایینی) لە بڕگەی (٢٠-٣٠)دا بە شێوەی گەورە بۆ بچووک لەسەر بنەمای ڕێژەی ڕازیبوون ڕیزبەند کراوە. هەروەکوو لە "خشتەی ٤" بۆمان دەردەکەوێت، بە گشتی لاوان زۆر پابەندن بە بەهای ئایینی و بە پەرۆشییەوە تێدەکۆشن بۆ ئەوەی ئەرکە ئایینییەکان جێبەجێ بکەن، چونکە ڕێژەی ڕازیبوون (٨٧,٢٠٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەکان (٤,٣٦)ە و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (٣)، بە لادانی پێوەری (٠,٨٢)، هەروەها بە هاوکۆلکەی جیاوازیی (١٨,٨١٪). ئەمەش ئاماژە بۆ "زۆر بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەو تەوەرەیە.

سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەرەی سێیەم، ئەوا بڕگەی (٢١) ڕێژەی ڕازیبوونی (٩٦,١٨٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪). ڕیزبەندیی (١)ی سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی (٤,٨١) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (٣)، بە لادانی پێوەری (٠,٦١)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "زۆر بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەم بڕگەیەی کە دەڵێت: "مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو دەبم".

بەڵام بڕگەی (٢٥) ڕێژەی ڕازیبوونی (٦٥,٩١٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، ڕیزبەندیی (١١)ی سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی (٣,٣٠)یە و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (٣)، بە لادانی پێوەری (١,٣٢)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "ناوەند"ی ناوەڕۆکی ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت: "پەیوەندیی هاوڕێیەتیی نێوان کوڕ و کچ ڕەت دەکەمەوە".

هەروەها بڕگەکانی (٢٣، ٢٠، ٢٦، ٢٨، ٢٩، ٢٤، ٢٧، ٢٢)، ڕیزبەندیی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها هەموویان ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراویان گەورەترە لە (٣)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "زۆر بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەو بڕگانە.

بڕگەی (٣٠) ڕیزبەندیی (١٠)ی سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی گەورەترە لە (٣)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەو بڕگەیە.

خشتەی (4)
بەهای ئایینی لای لاوان ڕووندەکاتەوە

| ژ | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ڕێژەی ڕازیبوون | هێزی بڕگە | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 20 | بەردەوام هەوڵدەدەم نوێژەکانم لەکاتی خۆیاندا ئەنجام بدەم | 4.51 | 0.84 | %18.59 | %90.28 | زۆر بەهێز | 3 |
| 21 | مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو دەبم | 4.81 | 0.61 | %12.61 | %96.18 | زۆر بەهێز | 1 |
| 22 | بەنیازم حەج یان عومرە ئەنجام بدەم | 4.34 | 0.87 | %20.05 | %86.73 | زۆر بەهێز | 9 |
| 23 | یارمەتی هەژاران دەدەم ئەگەر بە بڕێکی کەمیش بێت | 4.58 | 0.63 | %13.81 | %91.69 | زۆر بەهێز | 2 |
| 24 | جێگەی گرنگیدانی منە، زانیاریم هەبێت لەبارەی حوکمی ئایین لەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبمەوە | 4.45 | 0.75 | %16.75 | %89.06 | زۆر بەهێز | 7 |
| 25 | پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوان کوڕ و کچ ڕەتدەکەمەوە | 3.30 | 1.32 | %40.02 | %65.91 | ناوەند | 11 |
| 26 | بۆم گرنگە شارەزاییم لە بابەتە ئایینییەکان هەبێت | 4.52 | 0.69 | %15.19 | %90.35 | زۆر بەهێز | 4 |
| 27 | حەز دەکەم ئافرەتان "جلی پۆشتە و شەرعی" حیجاب لەبەر بکەن | 4.41 | 0.90 | %20.42 | %88.15 | زۆر بەهێز | 8 |
| 28 | پابەندم و دەستدەگرم بە واجبە ئایینییەکان | 4.48 | 0.71 | %15.83 | %89.53 | زۆر بەهێز | 5 |
| 29 | دڵگران دەبم کاتێک دەبینم بەشێک لە لاوان پابەند نین بە واجبە ئایینییەکان | 4.48 | 0.79 | %17.65 | %89.57 | زۆر بەهێز | 6 |
| 30 | بەشداری بۆنە ئایینییەکان دەکەم | 4.08 | 0.91 | %22.27 | %81.69 | بەهێز | 10 |
| | کۆی گشتی | 4.36 | 0.82 | %18.81 | %87.20 | زۆر بەهێز | |

کەواتە سەبارەت بە تەوەری "لاوان و بەهای ئایینی"، دەبینین پابەندییەکی یەکجار بەرز هەیە بە ئایینەوە، زۆربەی ئەرکە ئایینییەکان بە ڕێژەی (٩٠٪) تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لێی ڕازین. ئەگەر سەرنج بدەین، لاوان حەز دەکەن بەڕۆژوو بن و یارمەتیی هەژاران بدەن و هەوڵ بدەن نوێژەکانی خۆیان لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدەن، هەروەها گرنگی دەدەن بە شارەزابوون لە بابەتە ئایینییەکان و پابەندن و دەست دەگرن بە ئەرکە ئایینیەکانەوە، حەز دەکەن زانیارییان هەبێت لە بارەی حوکمی ئایین لەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان

دەبێتــەوە، بۆیــەش دڵگــران دەبــن کاتێــک دەبینــن بەشێک لــە لاوان پابەنـد نیـن بـە ئەرکـە ئاینییـەکان، لـەو سـۆنگەیەوە حـەز دەکـەن ئافرەتـان جلـی پۆشـتە و شـەرعی لەبـەر بکـەن و دوور بکەونـەوە لـە دروسـتکردنی پەیوەندیـی نێـوان کـوڕ و کـچ. لـە کۆتاییـدا بابەتـی حـەج یـان عومـرە چونکـە پەیوەندیـی هەیـە بـە لایەنـی ئابـووری و ڕێپێـدان و ئـەو بیرۆکەیـەی کـە دەڵێـت جـارێ گەنجیـی خـۆت بکـە، دوایـی حـەج یـان عومـرە ئەنجام بـدە، بۆیـە لـە کـۆی بڕگەکانـی ئـەو تەوەرەیـە ڕیزبەندیـی (٩) ی بەدەسـت هێنـاوە، ئەگەرچـی هێـزی بڕگەکـەی کـە "زۆر بەهێـزە" و ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی حەزێکـی لەڕادەبەدەریـان هەیـە بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم فەریزەیـە.

**٤. لاوان و بەهای سیاسی**

ڕیزبەندیــی بڕگەکانــی تــەوەری چــوارەم (لاوان و بەهــای سیاســی)، لــە بڕگــەی (٣١-٤١)، بــە شــێوەی گــەورە بــۆ بچــووک لــە ســەر بنەمــای ڕێــژەی ڕازیبــوون ڕیزبەنـد کـراوە. هەروەکــوو لــە (خشــتەی ٥)دا بۆمــان دەردەکەوێــت، بــە گشـتی لاوان زۆر پابەنـد نیـن بـە بەهـای سیاسـی، چونکـە ڕێــژەی ڕازیبــوون (٦٩,٦٠٪)ە و گەورەتــرە لــە ڕێــژەی (٦٠٪)، هەروەهــا ناوەنــدی ژمێرەیــی ســەنگکراوی بڕگــەکان (٣,٤٨)ە و گەورەتـرە لـە ناوەنـدی گریمانەکـراو (٣)، بـە لادانـی پێـوەری (١,٢٢)، هەروەهــا بــە هاوکۆلکــەی جیاوازیــی (٣٥,٠٦٪). ئەمــەش ئاماژەیــە بــۆ "بەهێــز"ی ناوەرۆکــی ئــەو تەوەرەیــە.

خشتەی (5)

بەهای سیاسی لای لاوان ڕووندەکاتەوە

| ژ | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ڕێژەی ڕازیبوون | هێزی بڕگە | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 31 | هەست بە شانازی دەکەم کاتێک سروودی نەتەوەیی دەبیستم | 3.57 | 1.29 | %36.19 | %71.34 | بەهێز | 6 |
| 32 | دەبێت بەرگری لە سەروەری نەتەوەییمان بکەین | 4.06 | 1.00 | %24.75 | %81.14 | بەهێز | 2 |
| 33 | لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندام | 3.89 | 1.33 | %34.12 | %77.72 | بەهێز | 3 |
| 34 | شانازی بە نەتەوەی خۆمەوە دەکەم | 4.29 | 0.95 | %22.17 | %85.83 | زۆر بەهێز | 1 |
| 35 | گرنگی دەدەم بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا | 3.31 | 1.41 | %42.76 | %66.14 | ناوەند | 8 |
| 36 | بۆ ئەوەی گۆڕانکاری دروست بێت، پێویستە هەڵوێستی سیاسیمان هەبێت | 3.69 | 1.21 | %32.73 | %73.90 | بەهێز | 5 |
| 37 | بوونی ئۆپۆزسیۆن بە حاڵەتێکی تەندروست و پێویست دەزانم | 3.54 | 1.23 | %34.69 | %70.87 | بەهێز | 7 |
| 38 | پێویستە هەموو دەستە و گروپێکی کۆمەڵگا بەشداربن لە بڕیاری سیاسیدا | 3.71 | 1.19 | %32.12 | %74.29 | بەهێز | 4 |
| 39 | بەدواداچوون بۆ هەواڵ و گۆڕانکارییە سیاسییەکان دەکەم | 3.27 | 1.26 | %38.45 | %65.43 | ناوەند | 9 |
| 40 | لەم هەرێمەدا ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگیرێت | 2.50 | 1.28 | %51.17 | %50.04 | لاواز | 10 |
| 41 | لەم هەرێمەدا ڕەچاوی بنەماکانی دیموکراسی دەکرێت | 2.47 | 1.26 | %51.01 | %49.33 | لاواز | 11 |
| | کۆی گشتی | 3.48 | 1.22 | %35.06 | %69.60 | بەهێز | |

ســەبارەت بــە بڕگەکانــی تــەوەری چــوارەم، ئــەوا بڕگــەی (٣٤) ڕێــژەی ڕازیبوونــی (٨٥,٨٣٪)ە و گەورەتــرە لــە ڕێــژەی (٦٠٪). ڕیزبەندیــی (١)ی ســەبارەت بــە ڕێــژەی ڕازیبــوون لای تاکەکانــی نموونــەی توێژینــەوە بەدەســت هێنــاوە، هەروەهــا ناوەنــدی ژمێرەیــی ســەنگکراوی بڕگــەی (٤,٢٩) گەورەتــرە لــە ناوەنــدی گریمانەکــراو (٣)، بــە لادانــی پێــوەری (٠,٩٥)، ئەمــەش ئاماژەیــە بــۆ "زۆر بەهێــز"ی ناوەرۆکــی ئــەم بڕگەیــەی کــە دەڵێــت: "شــانازی بــە نەتــەوەی خۆمــەوە دەکــەم".

بــەڵام بڕگەکانــی (٤٠، ٤١)، ڕێــژەی ڕازیبوونیــان (٥٠,٠٤٪، ٤٩,٣٣٪)ە و بچووکــترن لــە ڕێــژەی (٦٠٪)، ڕیزبەندیــی (١٠ و ١١)یــان ســەبارەت بــە ڕێــژەی ڕازیبــوون لای تاکەکانــی نموونــەی توێژینــەوە بەدەســت هێنــاوە، ئەمــەش ئاماژەیــە بــۆ "لاواز"ی ناوەرۆکــی ئــەو بڕگانــەی کــە دەڵێــن: "لــەم هەرێمــەدا ڕێــز لــە مافەکانــی مــرۆڤ دەگیرێــت و ڕەچــاوی بنەماکانــی دیموکراســی دەکرێــت".

هەروەهــا بڕگەکانــی (٣٢، ٣٣، ٣٨، ٣٦، ٣١، ٣٧)، ڕیزبەندیــی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧)یـان سـەبارەت بـە ڕێـژەی ڕازیبـوون لای تاکەکانی نموونـەی توێژینـەوە بەدەسـت هێنـاوە، هەروەهـا هەموویـان ناوەنـدی ژمێرەیـی سـەنگکراویان گەورەتـرە لـە (٣)، ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ "بەهێـز"ی ناوەرۆکـی ئـەو بڕگانـە.

هەروەهــا بڕگەکانــی (٣٥، ٣٩)، ڕیزبەندیــی (٨، ٩)یــان ســەبارەت بــە ڕێــژەی ڕازیبــوون لای تاکەکانــی نموونــەی توێژینــەوە بەدەســت هێنــاوە و هــەردوو بڕگەکــە ناوەنــدی ژمێرەیــی ســەنگکراویان گەورەتــرە لــە (٣)، ئەمــەش ئاماژەیــە بــۆ "ناوەنــد"ی ناوەرۆکــی ئــەو بڕگانــە.

کەواتــە ســەبارەت بــە تــەوەری "لاوان و بەهــای سیاســی"، گــەر ســەرنج بدەیــن دەبینیــن لاوان بێــزارن لــە سیاســەت و بەهــای سیاســی لــە پاشەکشــەدایە، بــەڵام شــانازی دەکــەن بــە کوردبــوون و پێیــان وایــە دەبێــت بەرگــری بکەیــن لــە ســەروەریی نەتەوەییــمان، ئەمــەش ڕەنــگ دەداتــەوە لــە حەزکــردن بــە ســەربەخۆیی کوردســتان لەگــەڵ ئــەوەی کۆمەڵێـک کەموکوڕییشـی هەبێـت. هـەر بۆیەشـە پێیـان وایـە پێویسـتە هەمووـمـان بەشـدار بیـن لـە بڕیـاری سیاسـی و یەکدەنـگ بیـن بـۆ پاراسـتنی کوردسـتان، بـەڵام بـۆ ئـەوەی گۆڕانـکاری دروسـت بێـت، دەبێـت دانەنیشـین و هەڵوێسـتی

سیاسیمان هەبێت، بەگژ گەندەڵی و نادادییەکاندا بچینەوە. بۆیە بوونی ئۆپۆزسیۆن بە حاڵەتێکی تەندروست سەیر دەکەن، بەڵام نائومێدی لە جێبەجێکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لەم هەرێمەدا وای کردووە لاوان کەمتر متمانەیان بە سندووقەکانی دەنگدان هەبێت و بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنەکان و بەدواداچوون بکەن بۆ هەواڵ و بەدواداچوونە سیاسییەکان، چونکە هەست دەکەن هەر کات هێزی دەسەڵات لەم هەرێمەدا بزانێت زیانی پێ دەگات، ئەوا هەر هەڵبژاردن ناکات، یان زۆر دواى دەخات و وا دەکات تاکەکان متمانەیان بە هەڵبژاردن نەمێنێت و بایکۆتی بکەن، ئەمەش لە بەرژەوەندیی حزبی باڵادەست و لە زەرەری خەڵک و ئەوانەی داوای مافەکانی دەکەن.

**٥. لاوان و بەهای مەعریفی و هزری**

ڕیزبەندیی بڕگەکانی تەوەری پێنجەم (لاوان و بەهای مەعریفی و هزری)، لە بڕگەی (٤٢-٥٢)، بە شێوەی گەورە بۆ بچووک لە سەر بنەمای ڕێژەی ڕازیبوون ڕیزبەند کراوە. هەروەکوو لە "خشتەی ٦"دا بۆمان دەردەکەوێت بە گشتی لاوان پابەندن بە بەهای مەعریفی و هزری، چونکە ڕێژەی ڕازیبوون (٨٣,٤٠٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەکان (٤,١٧)ە و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (٣)، بە لادانی پێوەری (٠,٨١)، هەروەها بە هاوکۆلکەی جیاوازیی (١٩,٤٢٪). ئەمەش ئاماژەیە بۆ "بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەو تەوەرەیە.

سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەری پێنجەم، ئەوا بڕگەی (٥١) ڕێژەی ڕازیبوون (٨٨,١٩٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، ڕیزبەندیی (١)ی سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی (٤,٤١) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (٣)، بە لادانی پێوەری (٠,٧٢)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "زۆر بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەم بڕگەیەی کە دەڵێت: "شانازی ڕەخنەی کەسانی دیکە قبووڵ دەکەم، ئەگەر لە سەر هەق بن".

بەڵام بڕگەی (٤٩) ڕێژەی ڕازیبوونی (٧٦,٦٩٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، ڕیزبەندیی (١١)ی سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی (٣,٨٣)یە و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (٣)، بە لادانی پێوەری (٠,٩٥)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت: "پێم وایە لێهاتوویی زانستی پێوەرێکی بنەڕەتییە بۆ جیاکردنەوە و بە باش زانینی مرۆڤەکان".

هەروەها بڕگەکانی (٥٢، ٤٣، ٤٦، ٤٥) ڕیزبەندیی (٢، ٣، ٤، ٥) یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها هەموویان ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراویان گەورەترە لە (٣)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "زۆر بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەو بڕگانە.

بەڵام بڕگەکانی (٤٤، ٤٨، ٤٢، ٥٠، ٤٧) ڕیزبەندیی (٦، ٧، ٨، ٨، ١٠)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە و هەموو بڕگەکان ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراویان گەورەترە لە (٣)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەو بڕگانە.

خشتەی (6)
بەهای مەعریفی و هزریی لای لاوان ڕووندەکاتەوە

| ژ | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ڕێژەی ڕازیبوون | هێزی بڕگە | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 42 | حەز بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارەکان دەکەم | 4.03 | 1 | %24.83 | %80.67 | بەهێز | 8 |
| 43 | شارەزووی دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانم هەیە لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا | 4.36 | 0.75 | %17.14 | %87.17 | زۆر بەهێز | 3 |
| 44 | هەوڵدەدەم ئەو هۆکارانە بزانم کە دەبنە هۆی ڕوودانی هەندێک لە دیاردەکان "سروشتییەکان، سیاسییەکان، کۆمەڵایەتییەکان"... | 4.12 | 0.83 | %20.24 | %82.48 | بەهێز | 6 |
| 45 | پێویستە هۆشیاری یاساییمان هەبێت بۆ ڕێکخستنی ژیانمان | 4.25 | 0.75 | %17.54 | %85.08 | زۆر بەهێز | 5 |
| 46 | لەو باوەڕەدام، پێویستە یاساگەلێک هەبن، بۆ کۆنترۆڵی دیاردە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە | 4.35 | 0.68 | %15.61 | %87.05 | زۆر بەهێز | 4 |
| 47 | هەندێکجار بیر لە ڕاڤەکردنی پەیوەندی نێوان ڕووداو و بابەتەکان دەکەمەوە | 3.99 | 0.82 | %20.69 | %79.72 | بەهێز | 10 |
| 48 | بە دڵنیاییەوە هەوڵدەدەم بابەتییانە بڕیار "حوکم" لەسەر شتەکان بدەم | 4.12 | 0.76 | %18.55 | %82.44 | بەهێز | 7 |
| 49 | پێموایە لێهاتوویی زانستیی پێوەرێکی بنەڕەتییە بۆ جیاکردنەوە و بە باشزانینی مرۆڤەکان | 3.83 | 0.95 | %24.79 | %76.69 | بەهێز | 11 |
| 50 | بە ئاسانی ئەوانی دیکە ناتوانن قەناعەتم بگۆڕن لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو | 3.99 | 0.85 | %21.20 | %79.80 | بەهێز | 9 |
| 51 | ڕەخنەی کەسانی دیکە قبوڵ دەکەم، ئەگەر لەسەر هەق بن | 4.41 | 0.72 | %16.33 | %88.19 | زۆر بەهێز | 1 |
| 52 | بڕیاری کۆتایی هی خۆمە لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە | 4.37 | 0.81 | %18.53 | %87.44 | زۆر بەهێز | 2 |
| | **کۆی گشتی** | **4.17** | **0.81** | **%19.42** | **%83.40** | **بەهێز** | |

کەواتە سەبارەت بە تەوەری شەشەم (لاوان و بەهای مەعریفی و هزری)، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت لاوان ڕەخنەی کەسانی دیکە قبووڵ دەکەن، بە مەرجێک بزانن لە سەر

حەقن و بڕیار لە بابەتە تایبەتییەکانی ژیانیان دەدەن و ئارەزوو دەکەن کە زانیارییەکانیان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا زۆر بکەن و ئینجا بە گرنگییەوە لە یاساکان دەڕوانن بۆ ئەوەی ژیانمان ڕێک بخەن و دیاردە جۆراوجۆرەکانی ژیان کۆنترۆڵ بکەن. هەروەها هەوڵ دەدەن هۆکاری ڕوودانی دیاردە سروشتی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بزانن، ئینجا بابەتیانە بڕیار لە سەر شتەکان بدەن، بەڵام ئەوانی دیکە ناتوانن بە ئاسانی قەناعەتیان بگۆڕن لە بارەی بابەتێکی دیاریکراو. لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی باش حەز بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارەکان دەکەن.

**٦: لاوان و بەهای جوانیناسی**

ڕیزبەندیی بڕگەکانی تەوەری شەشەم (لاوان و بەهای جوانیناسی) لە بڕگەی (٥٣-٦١)دا بە شێوەی گەورە بۆ بچووک لە سەر بنەمای ڕێژەی ڕازیبوون ڕیزبەند کراوە. هەروەکوو لە "خشتەی ٧"دا بۆمان دەردەکەوێت، بە گشتی لاوان سەلیقەی جوانیناسینیان هەیە، چونکە ڕێژەی ڕازیبوون (٨٥,١٩٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەکان (٤,٢٦)ە و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (٣)، بە لادانی پێوەری (٠,٨٤)، هەروەها بە هاوکۆلکەی جیاوازیی (٢٠,٣٠٪)، ئەمەش ئاماژە بۆ "زۆر بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەو تەوەرەیە.

خشتەی (7)
بەهای جوانیناسی لای لاوان ڕووندەکاتەوە

| ژ | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ڕێژەی ڕازیبوون | هێزی بڕگە | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 53 | دڵخۆش دەبم، کاتێک داهێنانێکی تازە دەبینم | 4.58 | 0.62 | %13.64 | %91.57 | زۆر بەهێز | 2 |
| 54 | زۆرجار هەوڵدەدەم ببمە داهێنەرێکی نایاب لە بوارێکدا | 4.09 | 0.91 | %22.33 | %81.73 | بەهێز | 7 |
| 55 | چێژ لە بینینی دیمەنە سروشتییە جوانەکان وەردەگرم | 4.69 | 0.60 | %12.68 | %93.90 | زۆر بەهێز | 1 |
| 56 | دەمەوێت سەردانی چەند ناوچەیەکی دێرین "شوێنەواری" بکەم | 4.41 | 0.83 | %18.92 | %88.19 | زۆر بەهێز | 4 |
| 57 | زۆرجار تێڕامان دەکەم بۆ جیاکردنەوەی شتە جوانەکان لە ناشرینەکان | 4.33 | 0.72 | %16.67 | %86.54 | زۆر بەهێز | 6 |
| 58 | حەز بە پۆشتەیی جلوبەرگ و گونجانیان دەکەم | 4.51 | 0.70 | %15.48 | %90.20 | زۆر بەهێز | 3 |
| 59 | حەز بە گوێگرتن لە مۆسیقا دەکەم | 3.65 | 1.23 | %33.73 | %73.03 | بەهێز | 9 |
| 60 | دیزاینە گونجاوەکان سەرنجم ڕادەکێشن | 4.38 | 0.72 | %16.34 | %87.68 | زۆر بەهێز | 5 |
| 61 | حەز بە ئامادەبوون لە کۆڕ و پێشانگا و فیستیڤاڵە هونەرییەکان دەکەم | 3.69 | 1.22 | %32.91 | %73.90 | بەهێز | 8 |
| | کۆی گشتی | 4.26 | 0.84 | %20.30 | %85.19 | زۆر بەهێز | |

سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەرەی شەشەم، ئەوا بڕگەی **(٥٥)** ڕێژەی ڕازیبوونی **(٩٣,٩٠٪)**ە و گەورەترە لە ڕێژەی **(٦٠٪)**، ڕیزبەندیی **(١)**ی سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگەی **(٤,٤١)** گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو **(٣)**، بە لادانی پێوەری **(٠,٧٢)**، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "زۆر بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەم بڕگەیەی کە دەڵێت: "چێژ لە بینینی دیمەنە سروشتییە جوانەکان وەردەگرم".

بەڵام بڕگەی (٥٩) ڕێژەی ڕازیبوونی (٧٣,٠٣٪)ە و گەورەترە لە ڕێژەی (٦٠٪)، ڕیزبەندیی (٩)ی سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی بڕگە (٣,٦٥)ە و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (٣)، بە لادانی پێوەری (١,٢٣)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت: "حەز بە گوێگرتن لە مۆسیقا دەکەم".

هەروەها بڕگەکانی (٥٣، ٥٨، ٥٦، ٦٠، ٥٧) ڕیزبەندیی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها هەموویان ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراویان گەورەترە لە (٣)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "زۆر بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەو بڕگانە.

بەڵام بڕگەکانی (٥٤، ٦١) ڕیزبەندیی (٧، ٨)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەست هێناوە، هەروەها هەردوو بڕگەکە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراویان گەورەترە لە (٣)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ "بەهێز"ی ناوەرۆکی ئەو بڕگانە.

کەواتە سەبارەت بە تەوەری "لاوان و بەهای جوانیناسی"، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت لاوان چێژ دەبینن لە دیمەنە سروشتییە جوانەکان و داهێنانە تازەکان، هەر بۆیەش حەز دەکەن سەردانی شوێنەوارە دێرینەکان بکەن، هەروەها دیزاینە جوانەکان سەرنجیان ڕادەکێشێت و تێڕامان دەکەن بۆ جیاکردنەوەی شتە جوانەکان لە ناشرینەکان، ئینجا هەوڵ دەدەن ببنە داهێنەر لە بوارێکدا، بۆیە بە لایانەوە گرنگە ئامادە بن لە کۆڕ و سیمینار و پێشانگە و فێستڤاڵە

هونەرییەکانـدا.

**ج. جیاوازیی نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوەکان**

ئامانجـی ئـەم باسـە بـۆ وەسـفکردن و شـیکردنەوەی جیاوازیـی نێـوان تاکەکانـی نموونەیـە بـە پێـی گۆڕاوەکانـی توێژینـەوە، وەکـوو (ڕەگـەز، بـاری کۆمەڵایەتـی، تەمـەن، داهاتـی مانگانـە، پیشـە، شـوێنی نیشـتەجێبوون و ئاسـتی خوێنـدەواری)، لــە ڕێگــەی بەکارهێنانــی ئامــرازە ئامارییەکانــی وەکــوو تاقیکردنــەوەی "ت" بــۆ دوو نموونــەی ســەربەخۆ (إختبــار "ت" لعینتیــن مســتقلتین - Independent Simple T.test) و تاقیکردنـەوەی ئەنۆڤـا (ف) (إختبـار التبایـن الاحـادی - One way ANOVA)، لـە ئاسـتی ئامـاژەداری (٠,٠٥)، ئەمـەش بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەو گریمانەیـەی کـە دەڵێـت "جیـاوازی لـە نێـوان تاکەکانـی نموونـەی توێژینـەوە بـە پێـی گـۆڕاوەکان هەیـە، سـەبارەت بـە لاوان و بەهـا".

**ئەنجامەکانی خشتەی (٨) پیشانی دەدات کە:**

**ڕەگـەز:** جیـاوازی لـە نێـوان تاکەکانـی نموونـەی توێژینەوەکـە بـە پێـی گـۆڕاوی ڕەگـەز (نێـر و مـێ) نییـە، چونکـە بەهـای "ت"ی دەرهێـنراو (١,٥٥٠) بچووکـترە لــە بەهــای "ت"ی خشـتەیی (١,٩٦٥) بــە نمــرەی ئــازادی (٥٠٦) و ئاسـتی ئامـاژەداری (٠,٠٥)، سـەرەرای بوونـی جیـاوازی بـە پێـی گـۆڕاوی ڕەگـەز، بـەڵام نەگەیشـتوونەتە ئاسـتی ئاماژەداری ئامـاری، بەمـەش گریمانـەی توێژینەوەکـە ڕەت دەکرێتـەوە و گریمانـەی سـفری وەردەگیرێـت، کـە دەڵێـت "جیـاوازی لـە نێوان ڕەگـەزی نێـر و مـێ نییـە سـەبارەت بـە وابەسـتەبوون بــە بەهــاکان".

**تەمـەن:** جیـاوازی لـە نێوان تاکەکانی نموونـەی توێژینەوەکـە بە پێـی گـۆڕاوی تەمـەن (١٨-٢٣ سـاڵ، ٢٤-٢٩ سـاڵ و ٣٠-٣٥ سـاڵ) نییـە، چونکـە بەهـای "ف"ی دەرهێـنراو (٠,٩١١)ە و بچووکـترە لـە بەهـای "ف"ی خشـتەیی (٣,٠١٣) لـە ئاسـتی ئامـاژەداری (٠,٠٥)، بەمـەش گریمانـەی توێژینـەوە ڕەت دەکرێتـەوە و گریمانـەی سـفری وەردەگیرێـت کـە دەڵێـت "جیـاوازی لـە نێـوان تاکەکانـی نموونـەی توێژینەوەکـە بـە پێـی گـۆڕاوی تەمـەن نییـە سەبارەت بە وابەستەبوون بە بەهاکان".

خشتەی (8) جیاوازی نێوان تاکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە سەبارەت بە پرسی بەها لای لاوان ڕوون دەکاتەوە

| ر | گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێریی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) و (ف): دەرهێنراو | بەهای (ت) و (ف): خشتەیی | مانادارى | ئاستی ئاماژەدار لە 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕەگەز | نێر | 285 | 4.17 | 0.33 | T= 1.550 | 1.965 | 0.090 | ئاماژەدار نییە |
| | | مێ | 223 | 4.13 | 0.29 | | | | |
| 2 | تەمەن | ١٨- ٢٣ ساڵ | 183 | 4.17 | 0.32 | F= 0.911 | 3.013 | 0.403 | ئاماژەدار نییە |
| | | ٢٤- ٢٩ ساڵ | 146 | 4.12 | 0.31 | | | | |
| | | ٣٠- ٣٥ ساڵ | 179 | 4.15 | 0.31 | | | | |
| 3 | ئاستی خوێندەواری | ناوەندی و بەرەو خوار | 36 | 4.21 | 0.32 | F= 1.504 | 2.389 | 0.200 | ئاماژەدار نییە |
| | | ئامادەیی | 163 | 4.17 | 0.32 | | | | |
| | | پەیمانگا | 58 | 4.18 | 0.29 | | | | |
| | | زانکۆ | 201 | 4.14 | 0.30 | | | | |
| | | خوێندنی باڵا | 50 | 4.06 | 0.37 | | | | |
| 4 | باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 280 | 4.17 | 0.31 | T= 1.250 | 1.965 | 0.888 | ئاماژەدار نییە |
| | | خێزاندار | 228 | 4.13 | 0.32 | | | | |
| 5 | پیشە | قوتابی | 202 | 4.18 | 0.32 | F= 0.687 | 2.389 | 0.601 | ئاماژەدار نییە |
| | | مووچە وەرگر | 171 | 4.14 | 0.31 | | | | |
| | | کاری ئازاد | 83 | 4.15 | 0.33 | | | | |
| | | ئافرەتی ماڵ | 17 | 4.08 | 0.23 | | | | |
| | | بێکار | 35 | 4.12 | 0.33 | | | | |
| 6 | جۆری خانوو | موڵک | 332 | 4.14 | 0.33 | F= 0.963 | 2.389 | 0.428 | ئاماژەدار نییە |
| | | کرێ | 91 | 4.19 | 0.27 | | | | |
| | | وەرەسە | 35 | 4.09 | 0.30 | | | | |
| | | حکومی | 10 | 4.22 | 0.41 | | | | |
| | | جۆری دیکە | 40 | 4.16 | 0.29 | | | | |
| 7 | دانیشتووی کام پارێزگای | هەولێر | 209 | 4.13 | 0.30 | F= 7.244 | 2.622 | 0.000 | ئاماژەدارە |
| | | سلێمانی | 155 | 4.12 | 0.30 | | | | |
| | | دهۆک | 102 | 4.27 | 0.34 | | | | |
| | | هەڵەبجە | 42 | 4.05 | 0.35 | | | | |
| 8 | شوێنی نیشتەجێبوون | ناوەندی شار | 256 | 4.14 | 0.29 | F= 2.700 | 2.622 | 0.045 | ئاماژەدارە |
| | | قەزا | 111 | 4.19 | 0.33 | | | | |
| | | ناحیە | 86 | 4.09 | 0.34 | | | | |
| | | گوند | 55 | 4.22 | 0.33 | | | | |
| 9 | داهاتی مانگانەی خێزان | کەمتر لە 500 هەزار دینار | 20 | 4.11 | 0.25 | F= 0.883 | 2.389 | 0.474 | ئاماژەدار نییە |
| | | 500 تاکو 999 هەزار دینار | 33 | 4.11 | 0.38 | | | | |
| | | 1.000 تاکو 1.499 دینار | 106 | 4.15 | 0.32 | | | | |
| | | 1.500 تاکو 1.999 دینار | 212 | 4.18 | 0.32 | | | | |
| | | زیاتر لە "2" ملیۆن دینار | 137 | 4.12 | 0.30 | | | | |

**ئاسـتی خوێنـدەواری:** جیـاوازی لـە نێـوان تاکەکانـی نموونـەی توێژینەوەکــە بــە پێــی گــۆڕاوی ئاســتی خوێنــدەواری نییــە، چونکــە بەهــای "ف"ی دەرهێــنراو (١,٥٠٤) بچووکــترە لــە بەهــای "ف"ی خشــتەیی (٢,٣٨٩) لــە ئاســتی ئامــاژەداری (٠,٠٥)، بەمــەش گریمانــەی توێژینــەوە ڕەت دەکرێتــەوە و گریمانــەی سـفری وەردەگیرێـت کـە دەڵێـت "جیـاوازی لـە نێـوان تاکەکانـی نموونـەی توێژینەوەکـە بـە پێـی گـۆڕاوی ئاسـتی خوێنـدەواری نییـە سـەبارەت بـە وابەسـتەبوون بـە بەهــاکان".

**بـاری کۆمەڵایەتـی:** جیـاوازی لــە نێــوان تاکەکانـی نموونــەی توێژینەوەکـە بـە پێـی گـۆڕاوی بـاری کۆمەڵایەتـی (سـەڵت و خێزانـدار) نییـە، چونکـە بەهـای "ت"ی دەرهێـنراو (١,٢٥٠) بچووکــترە لــە بەهــای "ت"ی خشــتەیی (١,٩٦٦) بــە نمــرەی ئــازادی (٥٠٦) و ئاســتی ئامــاژەداری (٠,٠٥)، ســەرەڕای بوونــی جیــاوازی بــە پێــی گــۆڕاوی بــاری کۆمەڵایەتــی، بــەڵام نەگەیشــتوونەتە ئاســتی ئامــاژەداری ئامــاری، بەمــەش گریمانــەی توێژینــەوە ڕەت دەکرێتــەوە و گریمانــەی ســفری

وەردەگیرێــت کــە دەڵێــت ''جیــاوازی لــە نێــوان تاکەکانــی نموونــەی توێژینەوەکــە بــە پێــی گــۆڕاوی بــاری کۆمەڵایەتــی (ســەڵت و خێزانــدار) نییــە ســەبارەت بــە وابەســتبەبوون بــە بەهــاکان''.

**پیشــە:** جیــاوازی لــە نێــوان تاکەکانــی نموونــەی توێژینەوەکــە بــە پێــی گــۆڕاوی پیشــە (قوتابــی، مووچەوەرگــر، کاری ئــازاد، ئافرەتــی ماڵ و بێکار) نییــە، چونکــە بەهــای ''ف''ی دەرهێــنراو (٠,٦٨٧) بچووکــترە لــە بەهــای ''ف''ی خشــتەیی (٢,٣٨٩) لــە ئاستی ئامــاژەداری (٠,٠٥)، بەمــەش گریمانــەی توێژینــەوە ڕەت دەکرێتــەوە و گریمانــەی ســفری وەردەگیرێــت کــە دەڵێــت ''جیــاوازی لــە نێــوان تاکەکانــی نموونــەی توێژینەوەکــە بــە پێــی گــۆڕاوی پیشــە نییــە ســەبارەت بــە وابەســتەبوون بــە بەهــاکان''.

**جــۆری خانــوو:** جیــاوازی لــە نێــوان تاکەکانــی نموونــەی توێژینەوەکــە بــە پێــی گــۆڕاوی جــۆری خانــوو (موڵــک، کــرێ، وەرەســە، حکومــی و جــۆری دیکــە) نییــە، چونکــە بەهــای ''ف''ی دەرهێــنراو (٠,٩٦٣) بچووکترە لە بەهــای ''ف''ی خشــتەیی (٢,٣٨٩) لــە ئاســتی ئامــاژەداری (٠,٠٥)، بەمــەش گریمانــەی توێژینــەوە ڕەت دەکرێتــەوە و گریمانــەی ســفری وەردەگیرێــت کــە دەڵێــت ''جیــاوازی لــە نێــوان تاکەکانــی نموونــەی توێژینەوەکــە بــە پێــی گــۆڕاوی جــۆری خانــوو نییــە ســەبارەت بــە وابەســتەبوون بــە بەهــاکان''.

**شــوێنی نیشــتەجێبوون بــە پێــی پارێــزگا:** جیاوازییەکــی ئامــاژەداری ئامــاری گــەورە لــە نێــوان تاکەکانــی نموونــەی توێژینەوەکــە بــە پێــی گــۆڕاوی شــوێنی نیشــتەجێبوون (هەولێــر، ســلێمانی، دهــۆک و هەڵەبجــە) هەیــە، چونکــە بەهــای ''ف''ی دەرهێــنراو (٧,٢٤٤) گەورەتــرە لــە بەهــای ''ف''ی خشــتەیی (٢,٦٢٢) لــە ئاســتی ئامــاژەداری (٠,٠٥)، جیاوازییەکــەش بــۆ ئــەو لاوانــە دەگەڕێتــەوە کــە دانیشــتووی شــاری دهۆکــن، چونکــە ناوەنــدی ژمێرەیــی لاوانــی دانیشــتووی شــاری دهــۆک گەورەتــرە لــە ناوەندەژمێرەیــی لاوانــی دانیشــتووی هەولێــر و ســلێمانی و هەڵەبجــە بــە ڕیزبەنــدی، بەمــەش گریمانــەی ســفری ڕەت دەکرێتــەوە و گریمانــەی توێژینــەوە وەردەگیرێــت کــە دەڵێــت: ''جیــاوازی لــە نێــوان تاکەکانــی نموونــەی توێژینەوەکــە بــە پێــی گــۆڕاوی شــوێنی نیشــتەجێبوون بــە پێــی پارێــزگاکان هەیــە، ســەبارەت بــە وابەســتەبوون بــە بەهــاکان''.

**شــوێنی نیشــتەجێبوون:** جیاوازییەکــی ئامــاژەداری ئامــاری لــە نێــوان تاکەکانــی نموونــەی توێژینەوەکــە بــە پێــی گــۆڕاوی شــوێنە نیشــتەجێبوون (ناوەنــدی شــار، قــەزا، ناحیــە و گونــد) هەیــە، چونکــە بەهــای ''ف''ی دەرهێــنراو (٢,٧٠٠) گەورەتــرە لــە بەهــای ''ف''ی خشــتەیی (٢,٦٢٢) لــە ئاســتی ئامــاژەداری (٠,٠٥)، جیاوازییەکــەش بــۆ ئــەو لاوانــە دەگەڕێتــەوە کــە دانیشــتووی گوندەکانــن، چونکــە ناوەنــدی ژمێرەیــی لاوانــی دانیشــتووی گونــدەکان گەورەتــرە لــە ناوەندەژمێرەیــی لاوانــی دانیشــتووی قــەزا و ناوەنــدی شــار و ناحیــەکان بــە ڕیزبەنــدی، بەمــەش گریمانــەی ســفری ڕەت دەکرێتــەوە و گریمانــەی توێژینــەوە وەردەگیرێــت کــە دەڵێــت: ''جیــاوازی لــە نێــوان تاکەکانــی نموونــەی توێژینەوەکــە بــە پێــی گــۆڕاوی شــوێنی نیشــتەجێبوون هەیــە، ســەبارەت بــە وابەســتەبوون بــە بەهــاکان''.

**داهاتــی مانگانــەی خێــزان:** جیــاوازی لــە نێــوان تاکەکانــی نموونــەی توێژینەوەکــە بــە پێــی گــۆڕاوی داهاتــی مانگانــە (کەمــترە لــە ٥٠٠ هــەزار دینــار، ٥٠٠-٩٩٩ هــەزار دینــار، یــەک ملیــۆن تاکــوو ١,٤٩٩ هــەزار دینــار و ١,٥٠٠-١,٩٩٩ هــەزار دینــار و زیاتــر لــە ٢ ملیــۆن دینــار) نییــە، چونکــە بەهــای ''ف''ی دەرهێــنراو (٠,٨٨٣) بچووکــترە لــە بەهــای ''ف''ی خشــتەیی (٢,٣٨٩) لــە ئاســتی ئامــاژەداری (٠,٠٥)، بەمــەش گریمانــەی توێژینــەوە ڕەت دەکرێتــەوە و گریمانــەی ســفری وەردەگیرێــت کــە دەڵێــت: ''جیــاوازی لــە نێــوان تاکەکانــی نموونــەی توێژینەوەکــە بــە پێــی گــۆڕاوی داهاتــی مانگانــە نییــە، ســەبارەت بــە وابەســتەبوون بــە بەهــاکان''.

### دوازدەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

١. ئەنجامەکانی تایبەت بە ئامانجی یەکەم

لــەم ئامانجــەدا هــەوڵ دراوە وەڵامــی ئــەو پرســیارانە بدرێتــەوە کــە دەڵێــت ''دەستنیشــانکردن و ڕیزبەندیــی گرنگتریــن بەهاکانــی لاوان و ئاســتی وابەســتەبوونیان بــە بەهاکانــەوە؟" بــە گشــتی لاوان وابەســتەن بــە بەهاکانــەوە، ئەنجامەکانیــش بــە ڕیزبەنــدی بــەم شــێوەیەی لای خــوارەوەن:

أ. ســەبارەت بــە لاوان و بەهــای کۆمەڵایەتــی، ئــەوا زۆربــەی

تاکەکانی نموونە بە ڕێژەی ڕازیبوونی (٩٠,١٦٪) وابەستەن بە بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە تایبەتی بوونی پەیوەندیی باش لەگەڵ ئەندامانی خێزاندا.

ب. سەبارەت بە لاوان و بەهای ئایینی، ئەوا تاکەکانی نموونە بە ڕێژەی ڕازیبوونی (٨٧,٢٠٪) وابەستەن بە بەها ئایینییەکان، بە تایبەتی بەجێهێنانی ئەرکە ئایینییەکان لە نموونەی بەڕۆژووبوون و نوێژکردن لە کاتی خۆیدا.

ج. سەبارەت بە لاوان و بەهای جوانیناسی، ئەوا تاکەکانی نموونە بە ڕێژەی ڕازیبوونی (٨٥,١٩٪) وابەستەن بە بەهای جوانیناسی، بە تایبەتی چێژبینین لە دیمەنە سروشتییە جوانەکان و دڵخۆش بوون بە داهێنانە تازەکان.

د. سەبارەت بە لاوان و بەهای مەعریفی و هزری، ئەوا تاکەکانی نموونە بە ڕێژەی ڕازیبوونی (٨٣,٤٠٪) وابەستەن بە بەها مەعریفی و هزرییەکانەوە، بە تایبەتی قبووڵکردنی ڕەخنەی بەرامبەر و بڕیاردانی کۆتایی هیی خۆیانە لە بابەتە تایبەت و کەسییەکان.

هـ. سەبارەت بە لاوان و بەهای ئابووری، ئەوا تاکەکانی نموونە بە ڕێژەی ڕازیبوونی (٨٢,٦٢٪) وابەستەن بە بەها ئابوورییەکانەوە، بە تایبەتی هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی بارودۆخی دارایی گونجاو.

و. سەبارەت بە لاوان و بەهای سیاسی، ئەوا تاکەکانی نموونە بە ڕێژەی ڕازیبوونی (٦٩,٦٠٪) وابەستەن بە بەها سیاسییەکانەوە، کە ئەمە کەمترین ڕێژەی ڕازیبوونە، بە تایبەتی شانازیکردن بە نەتەوەوە، بەڵام پێیان وایە لەم هەرێمەدا ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ ناگیرێت و ڕەچاوی بنەماکانی دیموکراسی ناکرێت.

٢. ئەنجامەکانی تایبەت بە ئامانجی دووەم

لە ئامانجی دووەمدا هەوڵ دراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە دەڵێت ''ئایا جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوەکان هەیە؟ سەبارەت بە پرسی بەها لای لاوان.'' ئەوا دەرکەوتووە:

١. هیچ جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری لە نێوان تاکەکانی نموونە بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری کۆمەڵایەتی، پیشە، جۆری خانوو و داهاتی مانگانەی خێزان) سەبارەت بە پرسی بەها لای لاوان.

٢. بەڵام جیاوازیی ئاماژەداری ئاماری لە نێوان تاکەکانی نموونە بە پێی گۆڕاوەکانی ''شوێنی نیشتەجێبوون بە پێی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان'' هەیە، ئەویش بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

- گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون بە پێی پارێزگا، جیاوازییەکە بۆ ئەو لاوانەی دانیشتووی شاری ''دهۆک''ن دەگەڕێتەوە، واتە ئەوان زیاتر وابەستەن بە بەهاکانەوە.

- گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون، جیاوازییەکەش بۆ ئەو لاوانە دەگەڕێتەوە کە دانیشتووی گوندەکانن، واتە ئەوان زیاتر وابەستەن بە بەهاکانەوە.

**سێزدەم: پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە**

١. پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، ئەوا چەند پێشنیازێک ئاڕاستەی ئەم لایەنانەی خوارەوە دەکەین:

أ. سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر بیر لە پرسی بەهاکان بکاتەوە و تەنانەت هەوڵ بدات ئەو بابەتە بخاتە بەر باس و بڕیاری گونجاو لە بارەی بەهاکانی ناو کۆمەڵگە دەربکات.

ب. سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران، کار بکات بۆ ئەوەی وەزارەتە پەیوەستەکان لە نموونەی وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و لاوان، کە ئاگاداری بەهاکانی ناو کۆمەڵگە بن و سانسۆر لە سەر ئەو کەناڵانە دابنێن "بە تایبەتی کەناڵە بینراوەکان" کە بەها نامۆکان بە کولتوور و دابونەریتی کوردی دەهێننە ناو کۆمەڵگە و پەخشی دەکەن.

ج. ڕۆشنبیر و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، پێویستە بەیەکەوە کار بکەن بۆ زیاتر بایەخدان بە کولتوور و بەها باڵاکانی ناو کۆمەڵگە و زیاتر تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیار بکەنەوە لە بایەخ و گرنگیی وابەستەبوون بە بەها باڵاکان.

٢. ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

لێرەدا چەند ڕاسپاردەیەک دەخەینە ڕوو:

أ. لەبــەر ئــەوەی ئــەم توێژینەوەیــە تەنهــا لاوانــی (١٨-٣٥) ســاڵی وەرگرتــووە، کــە توێژێکــی گرنگــی نــاو کۆمەڵگــەن، ئــەوا توێژینــەوەی هاوشــێوەی بکرێــت، بــەڵام بــا کۆمەڵگــەی توێژینەوەکەیــان جیــاواز بێــت و توێــژی پێگەیشــتووان و پیــران بگرێتــەوە.

ب. توێژینــەوە لــە بــارەی بەهــا سیاســییەکانەوە بکرێــت بــۆ ئــەوەی ئــەو هــۆکار و فاکتەرانــە دەستنیشــان بکرێــت کــە ڕۆڵیــان لــە پاشەکشــەکردنی بەهــای سیاســی هەیــە لــە لای لاوان و لــە نــاو کۆمەڵگــەدا.

**لیستی سەرچاوەکان:**


أبــو المعاطــي، يوســف جــلال يوســف(٢٠١٨)، دور الحيــاة الجامعيــة في تشــكيل النســق القيمــي لــدى طــلاب جامعــة الملــك عبدالعزيــز ببعــض التخصصـات الأكاديميـة، مجلـة بحـوث التربيـة النوعيـة، جامعـة المنصـورة، مــصر، العــدد: ٤٩: ٧٥٤-٨٠٦.

أبــو عمــرة، هــاني عطيــة عليــان(٢٠١٣)، مســتوى الالتــزام الدينــي والقيــم الاجتماعيـة و علاقتهـا بالاغـتراب النفسي لـدى طلاب الجامعات الفلسـطينية بغـزة، رسـالة ماجسـتر غـير منشـورة، جامعـة الازهـر بغـزة- فلسـطين.

أحـلام، بلـمادي(٢٠١٦)، سوسـيولوجية القيـم والتغيـر القيمـي في المجتمـع الجزائـري، مجلـة الحكمـة للدراسـات الاجتماعيـة، الجزائـر، المجلـد: ٧: ١٠٢-١٢١.

الأزهــر، العقبــي(٢٠٠٩)، القيــم الاجتماعيــة والثقافيــة المحليــة وأثرهــا علــى الســلوك التنظيمــي للعامليــن -المصنــع الجزائــري نموذجــا: دراســة ميدانيــة بمؤسســة صناعــات الكوابــل بســكرة. أطروحــة دكتــوراه غــير منشــورة، جامعــة الإخــوة منتــوري -قســنطينة-، الجزائــر.

اميـن، رمزيـة عبدالوهـاب(٢٠١٠)، تأثيـر العولمـة علـى القيـم الاجتماعيـة في المجتمـع الكـوردي: دراسـة ميدانيـة في جامعـة صلاح الدين. رسـالة ماجسـتر غيـر منشـورة، الجامعـة العالميـة للعلـوم الاسلامية، لندن.

الانصــارى، عيســى بــن حســن(٢٠٠٨)، مــن التعليــم إلــى العمــل تدريــب و توڤيــف الشــباب، المؤسســه العربيــة للدراســات والنــشر، بيــروت.

البريــزات، هنــد(٢٠٢٠)، التغيــر الاجتماعــي ودوره في التأثيــر علــى القيــم والعـادات والتقاليـد، مجلـة العلـوم الاجتماعيـة، المركـز اليموقراطـي العـربي ألمانيــا، الاردن، العــدد: ١٤: ٦٣-٧٤.

بريــک، فاطمــة(٢٠١٤)، دور مواقــع التواصــل الاجتماعــي في تعزيــز القيــم الاجتماعيــة لــدى الطلبــة الجامعييــن: دراســة ميدانيــة بجامعــة الــوادي، رســالة ماجســتر غــير منشــورة، جامعــة الــوادي، الجزائــر.

بكـوش، الجموعــي مومــن(٢٠١٤)، القيــم الاجتماعيــة، مقاربــة نفســية- اجتماعيـة، مجلـة الدراسـات والبحـوث الاجتماعية، جامعـة الـوادي، الجزائر، العــدد: ٨: ٧٢-٨٧.

بكـوش، الجموعـي مومـن(٢٠١٧)، التغيـر الاجتماعي وانعكاسـه علـى القيم الاجتماعيــة لــدى طــلاب الجامعــة: دراســة ميدانيــة في بعــض الجامعــات الجزائريـة، أطروحـة دكتـوراه غـير منشـورة، جامعـة محمد خيضر - بسـكرة، الجزائر.

بوعبـدلي، نـور الديـن(٢٠١٨)، عولمـة القيـم وأثرهـا علـى أسـاليب الضبـط الاجتماعــي داخــل الأسرة الجزائريــة: دراســة ميدانيــة بولايتــي الجلفــة والاغـواط، أطروحـة دكتـوراه غـير منشـورة، جامعـة زيـان عاشـور -الجلفـة-،

الجزائـر.
بوعناقـه، علـى(٢٠٠٧)، الشـباب مشـكلاته الاجتماعيـة في المـدن الحضريـة، مركـز دراسـات الوحـدة العربيـة، بيـروت.
الجـمال، نجـلاء(٢٠١٨)، دور الاعـلام الجديـد في تغييـر المنظومـة القيميـة لـدى الشـباب: دراسـة تطبيقيـة علـى الشـباب المـصري، المجلـة الدوليـة للاتصـال الاجتماعـي، جامعـة عبدالحميـد بـن باديـس، الجزائـر، المجلـد: ٥، العــدد: ٣: ١٥٢-١٨٧.
حجـازى، مصطفـى(٢٠٠٨)، الشـباب الخليجـى والمسـتقبل، المركـز الثقـافي العـربي، بيـروت.
الحجيـة، آسـية بنـت سـالم بـن بـدوي(٢٠١٧)، النسـق القيمـي وعلاقتـه بأسـاليب الحيـاة لـدى طالبـات كليـة العلـوم والآداب بجامعـة نزوي، رسـالة ماجسـتر غـير منشـورة، جامعـة نـزوي، عـمان.
الحسـين، عـزي(٢٠١٤)، الاسرة ودورهـا في تنميـة القيـم الاجتماعيـة لـدى الطفـل في مرحلـة الطفولـة المتأخـرة: دراسـة ميدانيـة لعينـة مـن تلامـذ السـنة الخامسـة ابتـدائي بمدينـة بهسـعادة. رسـالة ماجسـتر غيـر منشـورة، جامعـة مولـود معمـري، الجزائـر.
خاطـر، محمـد ابراهيـم(٢٠١٤)، الشـباب ودورهـم في التغييـر والاصـلاح، دار الوفـاء الدنيـا الطباعـة والنشر، الاسـكندرية.
الخواجـة، محمـد يـاسر(١٩٩٩)، (الشـباب العربـى)، فصل السـابع في الكتاب (دراسـات في المجتمـع العـربي المعـاصر)، الأهـالي للطباعـة والنـشر والتوزيـع، دمشق.
الخزاعلـة، عبداللـه عقلـة مجـلي(٢٠٠٨)، الـصراع بيـن القيـم الاجتماعيـة والقيـم التنظيميـة في الإدارة التربويـة، دار الحامـد للنـشر والتوزيـع، عـمان.
ذكائـى، محمـد سـعيد(٢٠٠٨)، جامعـه شناسـى جوانـان ايـران، چـاپ دوم، مؤسسـة انتشـارات آگاه، تهـران.
الذيفـاني، عبداللـه أحمـد(٢٠٠١)، الشـباب العـربي والمعـاصرة مـن منظـور فكـري وتربـوي، بيـت الحكمـة، بغـداد.
رشـوان، عبدالمنصـف حسـن(٢٠٠٦)، ممارسـة الخدمـة الاجتماعيـة في رعايـة الشـباب وقضاياهـم، المكتـب الجامعـي الحديـث، بغداد.
زيتـون، أيمـن أحمـد(٢٠١٩)، بنـاء منظومـة القيـم الأخلاقيـة لـدى الشـباب علـى سـاحة المجتمـع الإفتراضـى، مجلـة قطـاع الدراسـات الإنسـانية، جامعة الأزهـر، مـصر، المجلـد: ٢٣، العـدد: ٢: ٩٦٧-١٠٠٦.
الزيـود، ماجـد (٢٠١١)، الشـباب والقيـم في عـالم متغيـر، ط٢، دار الـشروق للنـشر والتوزيـع، عـمان.
سـعادة، جـودت أحمـد؛ زيـدان، يـسرى عبدالغنـي و أبـو زيـادة، إسـماعيل جابـر(٢٠٠٧)، ترتيـب تلاميـذ الصـف السـادس الأسـاسي للقيـم حسـب مقيـاس روكيـش في ضـوء عـدد مـن المتغيـرات، مجلـة دراسـات العلـوم التربويـة، الاردن، المجلـد: ٣٤، العـدد:١: ٤٥-٦٣.
سـهام، سـالمي(٢٠١٩)، أثـر اسـتخدام مواقـع التواصـل الاجتماعي علـى القيم الاجتماعيـة لـدى الشـباب الجزائـري "الفايسـبوك أنموذجـا": دراسـة ميدانية علـى عينـة مـن طلبـة علـوم اعـلام واتصـال، رسـالة ماجسـتر غـير منشـورة، جامعـة البويـرة، الجزائر.
السـوالقة، رولا عـوده(٢٠١٦)، التغيـر الاجتماعـي والـصراع القيمـي لـدى المـرأة المتعلمـة في المجتمـع الأردني: دراسـة مقارنـة، مجلـة الدراسـات العلوم الانسـانية والاجتماعيـة، الجامعـة الاردنيـة، الاردن، المجلـد: ٤٣، ملحـق: ٥: ٢٠٦٧-٢٠٩٣.
السـيد، إبراهيـم السـيد أحمـد(٢٠٠٥)، البنـاء القيمـي وعلاقتـه بالتنشـئة الاجتماعيـة والدافعيـة للإنجـاز: دراسـة ميدانيـة مقارنـة علـى عينـة مـن الطـلاب الإندونيسـيين والماليزييـن الدارسـين بالجامعـات المصريـة، أطروحـة دكتـوراه غـير منشـورة، جامعـة الزقازيـق، مـصر.
الظاهـر، عبداللـه فتحـي و المعـماري، عـلي أحمـد خـضر(٢٠١٤)، أثـر القنـوات الفضائيـة في القيـم الاجتماعيـة والسياسـية، دار غيـداء للنـشر والتوزيـع، عـمان.
عبدالرحمـن، ضريـف(٢٠١٧)، الفيسـبوك وتأثيـره علـى القيـم الاجتماعيـة لـدى الطلبـة الجامعييـن: دراسـة ميدانيـة لطلبـة جامعـة سـعيدة الدكتـور مـولاي الطاهـر، رسـالة ماجسـتر غـير منشـورة، جامعـة سـعيدة الدكتـور مـولاي الطاهـر، الجزائـر.
عـدوم، حسـين(٢٠١٧)، اثـر الموسـيقى علـى القيـم الاجتماعيـة لـدى الشـباب الجامعـي: دراسـة ميدانيـة علـى عينـة مـن طلبـة جامعـة العـربي بـن مهيـدي، رسـالة ماجسـتر غـير منشـورة، جامعـة العـربي بـن مهيـدي –أم البواقـي-، الجزائـر.
العريشـى، جبريـل بـن حسـن و الـدوسري، سـلمى بنـت عبدالرحمـن محمـد(٢٠١٥)، الشـبكات الاجتماعيـة والقيـم: رؤيـة تحليليـة، الـدار المنهجيـة للنـشر والتوزيـع، عـمان.
عزيـز، هيمـن خـضر(٢٠٠٦)، التغيـر الاجتماعـي وعلاقتـه بتفـكك النسـق القيمـي للفـترة ١٩٩١-٢٠٠٣: دراسـة ميدانيـة في مدينـة أربيـل، رسـالة ماجسـتر غيـر منشـورة، جامعـة صـلاح الدين/أربيـل.
الغريـب، عبدالعزيـز بـن علـى(٢٠٠٨)، موقـف الشـباب الجامعـي مـن الإصـلاح الاجتماعـي والسـياسي بالمملكـة العربيـة السـعودية، مجلـة العلـوم الاجتماعيـة، تصـدر عـن مجلـس النـشر العلمـي، جامعـة الكويـت، المجلـد: ٣٦، العـدد: ٣: ٩٢- ١١٧.
غيدنـز، انتونـى(٢٠٠٥)، علـم الاجتـماع، ترجمـة: فايـز الصيـاغ، ط٤، مركـز دراسـات الوحـدة العربيـة، بيـروت.
كشـيك، منـى(٢٠٠٣)، القيـم الغائبـة في الاعـلام، دار فرحـة للنـشر والتوزيع، القاهرة.
محمدامیـن، توانـا عثـمان(٢٠١٧)، ڕۆڵـی بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان لـە

ڕێکخستنی کۆمەڵگا: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە فەرمانگەکانی شاری هەولێر، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر.

همشري، عمر أحمد(٢٠١٣)، التنشئة الاجتماعية للطفل، ط٢، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

يس، السيد(١٩٩٩)، العولمة والطريق الثالث، مكتبة الأسرة، القاهرة.

اليماني، عبدالكريم على(٢٠٠٨)، فلسفة القيم التربوية، المملكة الأردنية الهاشمية، عمان.

Lehdonvirta, V., Oksanen, A., Räsänen, P. and Blank, G. (2021) Social Media, Web, and Panel Surveys: Using Non-Probability Samples in Social and Policy Research. *Policy & internet*, 155-134:(1)*13*.

**ملخص**

القيـم مهمـة للأفـراد والمجتمـع، خاصـة للشـباب لأنهـا تمنحهـم القـدرة عـلى مواجهـة الأزمـات و تلعـب دورًا في تشـكيل شـخصية الشـباب وتحديـد أهدافهـم في إطـار معيـاري مناسـب. الهـدف الرئيـسي مـن هـذه الدراسـة هـو تحديـد وترتيـب أهـم القيـم لـدى الشـباب ومسـتوى تمسـكهم بتلـك القيـم. وكذلـك معرفـة الفـرق في إدراك الشـباب للقيـم حسـب متغـيرات الدراسـة المكونـة مـن: الجنـس، العمـر، المسـتوى التعليمـي، الحالـة الاجتماعيـة، المهنـة، نـوع السـكن، و دخـل الأسرة الشـهري. هـذه الدراسـة هـي دراسـة كميـة اسـتخدمت فيهـا منهـج المسـح الاجتماعـي. يشـمل مجتمـع الدراسـة جميـع الشـباب الذيـن يـتراوح أعمارهـم بـين (١٨ - ٣٥) عامًـا، مـن سـكان إقليـم كوردسـتان. بالنسـبة لعينـة الدراسـة فهـي عينـة قصديـة مـن النـوع (المتـاح) بحجـم (٥٠٨) شـاب و شـابة. بلغـت صـدق أداة القيـاس (٩١,٤٠٪)، وثبـات الاسـتبيان (٠,٨٤٩). تـم عـرض نتائـج الدراسـة وفـق محـاور عـدة أهمهـا: قيـم الشـباب مـن حيـث الاولويـة (اجتماعيـة، دينيـة، جماليـة، معرفيـة، اقتصاديـة وسياسـية). كـما لا توجـد فـروق ذات دلالـة إحصائيـة بـين أفـراد العينـة حسـب المتغـيرات (الجنـس، العمـر، المسـتوى التعليمـي، الحالـة الاجتماعيـة، المهنـة، نـوع السـكن، و دخـل الأسرة الشـهري) في موضـوع القيـم لـدى الشـباب. ومـع ذلـك، توجـد فـروق ذات دلالـة إحصائيـة حسـب متغـير (محـل الإقامـة)، الاختـلاف يرجـع إلى شـباب محافظـة دهـوك، أي أنهـم أكـثر تعلقًـا بالقيـم.

الكلمات الدالة: الشباب ، القيم ، أسس القيم ، أنواع القيم



# Abstract

Values are Important for Individuals and Society, especially for Young People because they give them the ability to cope with Crises and play a role in shaping young people's personalities and setting their goals within a proper framework. As well as knowing the difference in youth perception of values according to research variables. This study is a quantitative study, in which the social survey method was used by sampling. The study population includes all young people aged 35-18 years, who are residents of the Kurdistan Region. The sample type and size is the intended sample of the (available) type with a size of (508) youth. The validity of the measurement tool is (%91.40), and the stability of the questionnaire was (0.849). The results of the study are presented according to several themes, namely: The most important was the ranking of youth and their values (social, religious, aesthetic, cognitive, economic and political). There are also no statistically significant differences between the sample individuals according to the variables (gender, age, education level, social status, occupation, housing type, and monthly family income) regarding the issue of values among youth. However, there are statistically significant differences according to the variable (place of residence). The difference is due to the youth living in Duhok, if they are more attached to values.

Key words: Youth, Value, Value Structures, Value Types.